YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٧٣ی حوزەیران ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.73.June.2025

# ئیسرائیل و ئێران ،جەنگێکی دروستکراو

**یادنامە**

دوای چەندین ساڵ وێناکردنی ئیسرائیل وەک شەیتان و لە بەرامبەردا وێناکردنی ئێران وەک دوژمنی ئیسرائیل و تێکەڵ بونی بە کێشەکانی فەلەستین و لوبنان و دوای گەردەلولی بیابان عێراق و دوای بەهاری عەرەبی سوریا و یەمەن ، بەتەواوی ئیسرائیل کەوتە بەر مەترسی گەورەوە لەسەر ئاستی چەکی ناوەکی و سوپای پاسداران ، ئیسرائیل بۆ دەرفەت دەگەڕا کە لەژێر گوشاری نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکا بەتایبەت ، هەم سوپای پاسداران و هەم چەکی ناوەکی و بایلستی سنوردار بکرێت بەو شێوەیەی نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل ، ئەوەی زیاتر ئیسرائیل هیوای پێی بو ململانێکانی ناوخۆی ئێران بو ، بە تایبەت ڕیفۆرمخوازەکان کە بتوانن دەستەڵات بگرنە دەست و کرانەوەی ئێران و ڕێککەوتن بکەن لەگەڵیان بەتایبەت ڕەفسەنجانی و خاتەمی و کەڕوبی و موسەوی ، بەڵام دوای شۆڕشی سەوز و بێکاریگەری ڕیفۆرمخوازەکان و باڵادەستی محافزکارەکان ئیسرائیل بێ هیوا بو ، ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانخوازی ئێران زیادی دەکرد ، لەناو محافزکارەکاندا باڵێک دروست بو دژی باڵە توندڕەوەکە ، بۆیە ئسرائیل لەسەر دوو ئاست کاریکرد ، ئاستی یەکەم ناوخۆی ئێران و ئاستی دوهەم ململانێی سۆپەرپاوەرەکان ، لە یەکەمدا دوای بڕینی دەستی ئێران لە فەلەستن و لوبنان و سوریا هەوڵیدا لەگەڵ باڵێکی ناو محافزکارەکان ژێربەژێر ڕێککەوتن بکات ، لەسەر ئاستی دوهەم لە ڕێگەی ئەمریکاوە لەگەڵ چین و ڕوس ڕێککەوتنی نهێنیان کرد بەوەی لەبەرامبەر ئۆکرانیا و بێ دەنگی ئەمریکا و بەریتانیا بۆ ئێران چین و ڕوس بێ دەنگ بن ، دوای دڵنیایی سوپەرپاوەرەکان لەناوخۆی ئێراندا لەگەڵ باڵێک جۆرێک لەڕێککەوتن هەبو کە جەنگێک دروست بکرێت و ئامانجەکان ( ناوەکی و سوپا) بێ هێز بکرێت و سەرەکانی باڵەتوندڕەوەکە لەناوببرێن ، خۆ ئەگەر پلانی (B) بریتی نەبێت لەوەی بەناچاری ئەو باڵەش لەناوببرێن ، ئەوا ئەم جەنگە دروستکراوە بۆ ئامانجی چەند گروپێک لەناوخۆی ئێرانەوە تا دەگاتە ئیسرائیل و ئەمریکا بە گڵۆپی سەوزی چین و ڕوسیاوە ، خۆ ئەگەر وڵاتێک بەیەک پاکێج دژی وڵاتێکی تر بێت ئەو جەنگە دروستکراو نیە وەک هند و پاکستان بەڵام ئەگەر لەناوخۆ بەرەیەک لەپاڵ دژەکەیدا بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش دروست ببێت ئەوا ئەو جەنگە دروستکراوە بۆ ئامانجێک ، خۆ ئەگەر ئێران و سەرانی باڵی توندی محافزکارەکان و دەستەڵاتی قوڵ ڕازی نەبن بە پیاڵە ژەهرەکە و خێمەکەی سەفوان ئەوا دور نیە تەواوی ئەو ڕژێمە تیابچێت و بەدوای بەدیلی تردا بگەڕێن.




# ئیسرائیل داوای ئاگربەست دەکات

ئیسرائیل داوای ئاگربەست لە ئێران دەکات و ئەمریکاش دەڵێت، ئەگەر ئێرانییەکان داوای کۆبوونەوە بکەن، قبوڵی دەکەین.
ڕۆژنامەی یەدیعۆت ئەحرەنوتی ئیسرائیلی بڵاویکردوەتەوە، بەرپرسانی ئیسرائیل ڕایانگەیاندووە سبەینێ ئاگربەست قبوڵ دەکەین ئەگەر خامنەیی ئاگربەستی بوێت
ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەگەر ئێرانییەکانیش ئاگربەستیان ناوێ و شەڕیان دەوێت ئەوا شەڕ بەردەوام دەبێت.
هاوکات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە کەناڵی سی.ئێن.ئێنی ڕاگەیاندوە، ئێستا ئامادەین بۆ بینینی ئێرانییەکان ئەگەر بڵێن کۆبونەوەمان دەوێت
لەلایەکی دیکەشەوە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، باسی لەوەکرد، پێویستە دەستبەجێ پشکنەرکانمان بچنە ناوەندە ئەتۆمییەکانی ئێران

**سایتی زەمەن**



خستنی گەرووی هورمز و لێکەوتەکانی ... ل٢
ئێران و ئەمریکا لە نێوان دانوستان و ململانێدا ... ل٤
چۆن حساباتی هەڵە سەری سەرکردەکانی ئێرانی پەڕاند ... ل٥
گۆرانکاری لەنەخشەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان وەهم و ڕاستیدا ... ل٧
زیندەگینامەی کەرکووک ... ل٨
بۆچلەی چڵە (نێرگزەکەی) هاوڕێم ... ل٩
ڕۆڵی پەروەردە بۆ گرنگی و هاندانی خوێندنەوە ... ل١٠
سەبارەت بەشیعروشاعیر ... ل١١
بۆئەوەی ئەدەب و هونەر بەردەوام بێت ... ل١٢
ڕێزی بەهرەکانت بگرە ... ل١٣
ئادەم و لەیلاو سوپاسی تایبەت ... ل١٥
موفتی پێنجوێنی ... ل١٦

# خستنی گەرووی هورمز و لێکەوتەکانی

هێمن حوسێن




لەگەڵ سەرهەڵدان و دروستبوونی شەڕ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل کە قۆناغێکی دیکەی نوێی ململانێی هێناوەتە ئاراوە، جارێکی دیکە گەرووی هورمز بووەتە بابەتێکی گەرمی ڕۆژەڤ و ترسی لەلای وڵاتانی هەناردەکار و هاوردەکار دروستکردووە و مەترسی هەڵاوسانی ئابووری و تێکچوونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان وڵاتان هەیە لە ئەگەری داخستنی گەرووەکە لەلایەن ئێرانەوە.

داخستنی گەرووی هورمز، کۆمەڵێک لێکەوتەی سیاسیی و ئابووریی لێدەکەوێتەوە و سەردەکێشێت بۆ دەستوەردانی سەربازیی لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا ( (UNCLOSیان واژوو کردووە چونکە بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە کە لە دەرەنجامی سێیەمین کۆنفرانسی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ساڵانی ١٩٧٣ تا ١٩٨٢ هاتووەتە ئاراوە. ماف و بەرپرسیارییەتی وڵاتان دیارییکراوە و تا ساڵی ٢٠١٦ ژمارەی ئەو وڵاتانەی پەیوەست بوون بەو ڕێککەوتننامەیە گەیشتە ١٧٦ وڵات و بەپێی ماددەی ٣٨ لە ڕێککەوتنە، هەموو کەشتی و فڕۆکەکان مافی تێپەڕبوونیان بەم گەرووەدا هەیە و داخستنی تاکلایەنەی وڵاتێک دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیە.

ئەگەرچی لە ڕووی توانای سەربازی و جوگرافییەوە، ئێران دەتوانێت گەرووی هورمز دابخات، بەڵام گەرووەکە نێودەوڵەتییە و دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ و زیادبوونی تێچووی گواستنەوەی نەوت و پچڕانی ڕێگای وڵاتانی هاوردەکار بە تایبەت چین و ژاپۆن هەر بۆیە بە داخستنی گەرووی هورمز هەوڵە دیپلۆماسییەکان تا ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە نێوان ئێران و ئەو وڵاتانە دروست دەبێت کە پشت بە گەرووی هورمز دەبەستن بە تایبەتی سعوودیە و ئیماڕات و وڵاتانی دیکەی کەنداو.

ئێران بە چ میکانزمێک دەتوانێت گەرووی هورمز دابخات

ئەگەر ئێران هەوڵی داخستنی گەرووی هورمز بدات، بێگومان لە دوو شوێنەوە دەتوانێت گەوروەکە دابخات، ئەوانیش هەریەک لە دوورگەی لاراک و دوورگەی هێنگام لە پارێزگای هورمزگان کە تەسکترین شوێنی گەرووی هورمزە لە سنووری ئێران.

دوورگەی لاراک دەکەوێتە پارێزگای هورمزگان و ٤٩ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، لەمیانی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق- ئێران لە ساڵی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨، ببووە شوێنێک بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی و مووشەکیی و لە ساڵی ٢٠١٥شدا لەم شوێنەوە ئێران مانۆڕێکی بەناوی "مانۆڕی دەریایی پێغەمبەری گەورە" ئەنجامدا، دوورگەکە دەڕوانێتە ڕێگا سەرەکییەکانی کەشتیوانیی لە گەرووی هورمز، هەروەها دوورگەی هێنگام لە دوورگەی لاراک بچووکترە و ڕووبەرەکەی ٣٣ کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە لە دەیان ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵی هەبووە لە چاودێرییکردنی ڕێڕەوی کەشتیوانیی نێودەوڵەتیی، بۆیە لەم دوو شوێنەوە ئێران دەتوانێت بە بەکارهێنانی بەلەمی بچووک یان بەکارهێنانی مینی دەریایی، یان هەڵدانی مووشەک، ڕێگای هاتوچۆی کەشتییە بارهەڵگرە نێودەوڵەتییەکان بگرێت.

قۆناغی نوێی گرژییەکان لە گەرووی هورمز

لە ماوەی ڕابردوودا، ئێران چەند جارێک هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی کردووە لە بەرامبەر گەمارۆ ئابووریی و هەڕەشە سەربازییەکان، چەند جارێک دەستبەسەرداگرتنی کەشتی بەشێوەیەکی کاتی ڕوویداوە، هاوکات هەریەک لە ئەمریکا، بەریتانیا و فەرەنسا هێزەکانییان لە چەند شوێنێکی گەرووی هورمز جێگیرکردووە و چاودێری ناوچەکە دەکەن.

هێزێکی یەکگرتووی سێنتێل ( (Task Force Sentinelکە بەشێکە لە بونیادنانی ئاسایشی دەریایی نێودەوڵەتی ٢٠١٩ ( (IMSCو بەرپرسیارە لە پاراستنی گەرووی هورمز و ڕێڕەوی دەریایی. ئەم هێزە لە هاوپەیمانییەک پێکدێت کە لە ساڵی ٢٠١٩ دامەزراوە و ١١ وڵات لەخۆدەگرێت، لەوانە ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و چەند وڵاتێکی دیکە کە ئامانجی هاوپەیمانییەکە بریتییە لە دابینکردنی ڕێگایەکی سەلامەت بۆ کەشتیوانی و بازرگانی و لەم چوارچێوەیەشدا هێزەکانی ئەمریکا لە بەحرێن و ناوچەی کەنداو، هەروەها هێزەکانی بەریتانیا و فەرەنساش لە دوبەی و شاریقە جێگیرکراون.

ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە گەرووی هورمز

لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، چەندین ڕێککەوتنی نێوان وڵاتان واژووکراوە بە مەبەستی لێکتێگەیشتن و بەڕێوەبردنی گەرووی هورمز بەشێوەیەکی ئاشتیانە کە گرینگترینیان، ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا ١٩٧٣ - ١٩٨٢ ( (UNCLOSکە ڕێککەوتنێکی فرە لایەنە و ڕێگا بە کەشتی و فڕۆکەکان دەدات پێیدا تێپەڕبن و ڕێککەوتنێکی کراوەیە و ئەمریکا ساڵی ١٩٩٤ هاتووەتە ناو ڕێککەوتنەکە.

هەروەها پەیماننامەی دۆستایەتی نێوان ئێران و عومان ساڵی ١٩٧١ کە دانپێدانانی هاوکاریی هاوبەش و هەماهەنگی بوو بۆ بەکارهێنانی گەرووی هورمز بە ئاشتییانە. هاوکات ڕێککەوتننامەی سنووری دەریایی عومان و ئێران لە ساڵی ١٩٧٤ کە تێیدا عومان ڕێگا بە کەشتییە دەریاییە بیانییەکان دەدات بە سنووری عومان دا تێپەڕن لە هەر بارودۆخێکدابن.

هەروەها ئەنجوومەنی هاریکاری کەنداو کە لە ساڵی ١٩٨١ دامەزراوە و بارەگای سەرەکی لە ڕیازی سعوودیایە و پێکدێن لە کوێت، بەحرەین، عومان، قەتەر، سعوودیە، ئیماڕات، ئەم ئەنجوومەنە هەماهەنگی بۆ سیاسەتی دەریایی و وزە دەکەن.

جگە لەوەی زۆرجار ئێران بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان، هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمزی کردووە بەڵام بەردەوام پێداگریی ئەوەی هەبووە و بە پێویستی زانیووە کە مۆڵەتی پێشوەختە هەبێت بۆ ئەوەی کەشتییە جەنگییە بیانییەکان بە سنووریی ئاویی ئەودا تێپەڕن و وڵاتانیش ئەمەیان بە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا ( (UNCLOSزانیووە.

داخستنی گەرووی هورمز و کاریگەریی لە ڕووی ئابوورییەوە

گەرووی هورمز هێڵی ترانزێتی نەوتی جیهانە و هەناردەکارانی بریتیین لە سعوودیە، عێراق، کوەیت و ئیماڕات، هەروەها هاوردەکارانیشی بریتیین لە چین، ژاپۆن، هیندستان، کۆریای باشوور و ئەورووپا کە جگە لە نەوت، ڕێڕەوێکی سەرەکی گواستنەوەی غازی شلە کە قەتەر بۆ جیهان هەناردەی دەکات و بەپێی ڕاپۆڕتە بڵاوکراوەکان، قەبارەی بازرگانیی ساڵانە لە گەرووی هورمز بریتییە لە ٦٨٥ ملیار دۆلار، بۆیە هەر هەڕەشەیەک یان داخستنی گەرووەکە، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

عێراق کە وەک تاکە سەرچاوە پشتی بە نەوت بەستووە، بە داخستنی گەرووی هورمز تووشی گرفتی هەناردەکردن دەبێت و لەم حاڵەتەدا تاکە دەرچەی هەناردەی نەوتی عێراق بریتیی دەبێت لە بۆڕی نەوتی هەرێم بۆ تورکیا چونکە گواستنەوە و هەناردەی نەوت لە بەندەری بەسڕە (باشووری ڕۆژهەڵاتی عێڕاق)

ڕادەوەستێت و بە ناچارییەوە دەبێت نەوتی عێراق لە ڕێگای هەرێمەوە هەناردەی دەرەوە بکرێت بەڵام ئەمەش کۆمەڵێک گرفتی دیکەی بۆ ڕێڕەوی بۆرییەکان هەیە بەهۆی ئەوەی بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان لە کەرکووکەوە دەستپێدەکات تا پێشخابوور و لەوێشەوە بۆ بەندەری جەیهان درێژ دەبێتەوە.

کاردانەوەکان چی دەبێت

بە داخستنی گەرووی هورمز لە یەکەم هەنگاودا بازاڕەکانی بۆڕسە لە وڵاتان ڕووبەڕووی ناجێگیریی دەبنەوە و هەڵاوسان ڕوودەدات و ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ و، هەوڵە دیپلۆماسییەکانی وڵاتان دەستپێدەکات و پێشبینی دەکرێت هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە بەحرێنەوە هەنگاو بنێن بە مەبەستی کردنەوەی ڕێڕەوەکە و بە ئەگەری زۆرەوە هێز و هێرشی ئاسمانی و ئۆپەراسیۆنەکانی پاککردنەوەی مین ئەنجام دەدەن، ئەگەر پرۆسەکە کەوتە حاڵەتێکی درێژخایەن، ئەوا بەپێی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یاسای دەریا، وڵاتانی کەنداو هەوڵە دیپلۆماسییەکان و دواتریش سەربازییەکانییان چڕدەکەنەوە بۆ کردنەوەی ڕێڕەوەکە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە لەگەڵ سەرهەڵدانی گرژی و شەڕی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئێران و ئیسرائیل لە بەرەبەیانی ١٣ی حوزەیران و تا ئێستاش شەڕ و بۆردوومانەکان بۆ سەر یەکتر بەردەوامە و، وەک میدیاکان باسی لێوە دەکەن، ئێران هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز دەکات کە لە ڕووی جوگرافییەوە هەریەک لە بەندەرعەباس، بەندەری جاسک و میناب لە پارێزگای هورمزگانی ئێران دەکەونە گەرووی هورمزەوە بەڵام ئەمە ڕێگایەکی دەریایی هاوبەشە و بووەتە شوێنێکی ستراتیژیی کە لە ئاستی نێودەوڵەتییدا بەڕێوەدەبردرێت.

گەرووی هورمز ڕێڕەوێکی ئاوییە کەوتووەتە نێوان ئێران و عومان و ئیمارات کە کەنداوی فارس بە دەریای عەرەبی و پاشان زەریای هیندی دەبەستێتەوە و یەکێک لە گرنگترین وێستگەی ترانزێتەکانی نەوتە لە جیهاندا و بەشێکی زۆر لە نەوتی جیهان بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت.

درێژی گەرووەکە ٩٦ کیلۆ مەترە و سەدا ٢٠ی نەوتی جیهان بەم شوێنەدا تێپەڕ دەبن و بە گشتی ڕۆژانە نزیکەی ١٨ ملیۆن بەرمیل نەوت بە گەرووی هورمزدا تێدەپەڕێت.

سایتی زەمەن







# ئایا کار دەگاتە داخستنی گەرووی هورمز؟



د. بەهرۆز عەلی

یەکێک لەوکارتانەی ئەگەر ئێران بگاتە تینی بەکارهێنانی ئابلوقەدانی گەروی هورمەزە، کە بەئاشکرا موحسینی رەزایی سەرۆکی پێشوی سوپای پاسدارن، باسی لێوەکرد و ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر پێویستبکات دەستی بۆدەبەن، بەڵام ئایا بەکارهێنانی ئەو کارتە ئەوەندە ئاسانە؟ داخو توانای ئەنجامدانییان هەیە؟ ئایا هاوکارەکانی ئێران وەک ڕوسیا و چین قبوڵیانە ئێران لەدواساتی بەرگریکردن لەخۆی پەنای بۆ بەرێت؟

ڕێرەوی ئاویی گەروی هورمز، ڕێرەوێکی بەرتەسکە و کەوتۆتە نێوان ئیران و دەوڵەتی عومان، کە یەکیکە لە گرنگترین ڕێڕەوی ئاویی جیهان و لە ڕۆژێکدا ٢٠ ملیۆن بەرمیل نەوتی پێدا دەگوازرێتەوە و ٢٥% گازی سروشتی جیهان لەوێوە رەوانەدەکرێت، کە بەهای بازرگانییەکانی وزە بەهۆیەوە لەساڵیکدا دەگاتە ٦٠٠ ملیار دۆلار، ئەگەر بێتو ئەم ڕێرەوە ئاوییە دابخرێت نرخی یەک بەرمیل نەوت دەبێتە١٥٠ دۆلار، ئەوە جگە لەوەی گەورەترین قەیرانی وزە بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئاسیا دروست دەکات، چونکە وڵاتێکی گەورەی وەک چین ٤٠% و یابان ٨٠% یەکێتی ئەوروپا ٧٠% و ئەمریکا ٥٠% ی پێداویستییە وزەکانییان لەوێوە پێدەگات، هەروەها وڵاتانی کەنداو بەرێژەیەکی تەواو پشت بەو ڕێرەوە دەبەستن بۆ هەناردەکردنی نەوتەکەیان، لەوانە قەتەر و کوێت بەرێژەی ١٠٠% و ئیمارات بەرێژەی ٩٩% و عێراق بەرێژەی ٩٨% و سعودیە بەرێژەی ٨٨% ی نەوتەکانییان بەوێدا هەناردە دەکەن.

کەواتە داخستنی گەروی هورمز کارێکی زۆر ئەستەمە و بەو کارەی ئێران فشاری نەیارەکانی بۆ دژایەتیکردنی زیاتر دەبێت و لەلایەکی تروە وڵاتە هاوکارەکانیشی وەک چین زیانی بەردەکەوێت و پشتیوانی ئەو کارە لە ئیران ناکات، ئەوە جگە لەوەی ئەمریکا بۆ پاراستنی ئەو ڕێرەوە چەندین بنکەی دەریایی لە نزیکی جێگیرکردووە و بەتوندی بەربەرچی دەداتەوە، خۆ ئەگەر بێتو ئێران پەنای بۆ بەرێت، روبەروی جەنگێکی دەریایی وا دەبێتەوە بەسانایی لێی دەرباز نابێت، رەنگە لەسەرەتادا بەرگرییەکی کەمی بۆ بکرێت و بۆ چەند رۆژێک هاتووچۆی دەرییای بوەستێنیت و زیان بەئابوری جیهان بگەیەنێت و قەیرانی کەمی وزە بخولقێنێت، بەڵام بەهۆی سرەواندنی گورزی کوشندەوە لێێ لەماوەیەکی کەم هێزە دەریاییەکانی تێکدەشکێت و لەو کاتەدا هیزی ئاسمانی و دەریایشی لەوناو دەچێت و ئەوکات هێزێکی لاوازی وشکانی بەبێ لوجستیی و هەواڵگری بۆ دەمێنیتەوە، کە نەک بەرگەی هەرەشەی ململانێی نتودەوڵەتی ناگرێت، بەڵکو بەرگەی ململانێ ناوخۆییەکانیشی ناگرێت.

سایتی زەمەن



# ئێران و ئەمریکا لە نێوان دانوستان و ململانێدا (چەک و دراو و غاز و موچە)

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق




دانوستان و ململانێکانی نێوان ئێران و ئەمریکا پڕە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندی و ململانێ و گواستنەوەی سەکۆی شەڕەکان ، لە لایەکی ترەوە ئەمریکا لەگەڵ تورکیا جۆرێک لە ململانێ و ڕێککەوتنی هەیە ، لەسەرو هەمو ئەم جوڵانەوە ململانێی نێوان ( ڕوسیا و چین و ئەمریکا) کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئەم هەموویان هەیە ، ئەوەی لە ئێستادا لە عێراق ڕوودەدات ، لە ململانێی نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەمان ڕوداو لە زۆرێک لەو وڵاتانەدا هەیە کە ئێران هەژمونی تێدا هەیە و هەم ئەمریکا ، بۆ دانوستان هەر یەک لەم وڵاتانە کارتەکانیان بەرامبەر یەک بەکار دەهێنن تا گوشار دروست بکەن بۆ یەکتر تا دەستکەوتی هەر یەکێکیان بچێتە سەر مێزی دانوستان ، زۆر کات بۆ بریارێک هەردولایان هاوبەرژەوەندین و گڵۆپی سەوز بۆ یەکتر هەڵدەکەن.

لە عێراقدا ئەوەی پێی دەوترێت سیادە و دەوڵەت بونی نیە ، حیزبەکان و سەرکردەکان تا دەگاتە پەرلەمانی عێراق و تا دادوەری و حکومەت و سەرۆکی حکومەت و لیرەڕاش بە حکومەت و سەرکردەی حیزبەکانیشەوە تەنها کارتن لە نێوان ئەم ململانێیانەدا هیچ ڕۆڵێکی سەرەکیان نیە و وەک داشی دامە دەجوڵێنرێن ، کەیسی حەشد و چەک و دراوی ساختە و نەوت و غاز و موچەی هەرێم کارتە سەرەکییەکانن تا دەگاتە کەیسە بچوکەکانی سێکتەرەکانی تر شۆڕدەبێتەوە بۆ کەیسی زۆر بچوکیش .

ئەمریکا کاتێک دەڵێ دەبێ موچەی هەرێم بدرێت ، ئەگەر چی زۆنی سەوز وەک بەرەی مقاومە ببینێرێت ، کە ئێران بزانێت لەبەرامبەر کارتێکی تری ئەمریکادایە وەک کارتی فرۆشتنی غازی ئێرانی بە عێراق قائانی دەگاتە بەغداد ئەمردەکات بینێرن ، بێ ئەوەی بچنە وردەکاری ڕادەستکردنی داهاتی نەوتی و نانەوتیەوە ، موچە دێت ، کاتێکیش دەزانن دەبێ ئەم کارتە بەکار بهێنرێت موچەی پێش جەژن ڕادەگیرێ و بەرژەوەندی ئەمریکا لە پێش دانوستاندا وایە بێ دەنگ بێت ، لەڕووەکانی ترەوە کاتێک ئەمریکا فەزای دانوستان نەرم دەکاتەوە قائانی دەگاتە بەغداد و داوا لە حەشد دەکات هیچ جوڵەیەکی سەربازی نەکرێت ، کاتێکیش دەزانرێت ئێران دزە بە دۆلار دەکات لە ڕێگەری دیناری ساختەی عێراقییەوە ، واتا دەرچون لە گەمارۆی زیرەکی سەر ئێران ، ئەمریکا عێراق لە ڕوبەڕووی کەمی پارەی کاغەزی دینار و دۆلار ئاگادار دەکاتەوە ، کاتێکیش ئەمریکا هەست بە درزبونی گەمارۆی زیرەک دەکات ، کارتی غازی کوردی بەکار دێنێت ،کە عێراق کریارێکی باشی غازی ئێرانیە ، بۆ ئەوەی هەژمونی هەر یەکێکیان زیاد بێت هەر بەپلان و بەرنامە عێراقیان توشی گەندەڵی گەورە کردوە تا بنەمای دەوڵەت دروست نەبێت هەردوکیان ( ئێران و ئەمریکا) لەم ڕووەوە هاوبەرژەوەندین ، لەم نێوەندەدا ئەوەی دەبێتە قوربانی هاوڵاتی عێراقیە بە هەرێمی کوردستانیشەوە ، هەمو ئەمانەش بە چواردەوری دانوستان و ململانێی دۆسیەی پیتاندنی یۆرانیۆمدا دەسوڕێتەوە.

لە لایەکی ترەوە دوو زلهێزەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( تورکیا و ئێران ) لەسەر بنەمای ڕێککەوتنە مێژوییەکان سوریا و عێراقیان دابەش کردوە ، تورکیا سوریای بۆ گرنگە و هەمان ململانێی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا هەیە و ئێرانیش لە عێراقدا لە قۆناغی پێش دانوستاندا لە کێشە و ململانێدایە ، بە جۆرێک ئەمریکا بەرژەوەندی هەیە کارتی موچەی هەرێم بزانێت لە بەرژەوەندی نیە و کارتی بەبەهاتری دەست دەکەوێت نەک بۆی کێشە نیە ، بەڵکو بی دەنگ دەبێت ، هەر کات موچە چوە خانەی بەرژەوەندی کارتی دوولایەنە ئەوا چ ئەمریکا بریار بدات بە ناردنی یان ئێران ئەوا بێ گڵۆپی سەوزی یەکتر جێبەجێ نابێت کەیسەکانی تریش غاز و نەوت و دراو هەموویان پێکەوە گرێدراون ، جا ئەگەر هەرێم بیەوێ کارێ بکات دەبێت بکەوێتە ناو بازنەی بەرژەوەندی ئەمریکاوە وەک ڕۆژئاوای کوردستان ، دەبێ بچێتە سەر هێڵی بەرژەوەندی هاوبەشی ئەمریکا و ئێرانەوە و نابێت هەردوو زۆن بێت و هەر زۆنێکیان هەمو هێلکەکانیان بخەنە یەک سەبەتەی یەکێ لەم دوو وڵاتەوە ، دەبێ ئەوەش بزانین چۆن هنری کیسنجەر لە ڕێککەوتنی جەزائیردا بە بارزانی دەڵێ ( ئێمە ڕێکخراوی خێرخوازی نین و بەرژەوەندیمان حکوم دەکات)

## تایبەت مەندیەکانی فڕۆکەی b2 ی ئەمریکی



# چۆن حساباتی هەڵە سەری سەرکردەکانی ئێرانی پەڕاند؟

## ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز



سەرکردە باڵاکانی ئێران زیاتر لە هەفتەیەک بوو پلانیان بۆ ئەگەری هێرشێکی ئیسرائیل دادەڕشت لە ئەگەری شکستهێنانی گفتوگۆ ناوکییەکان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام هەڵەیەکی گەورە و کوشندەیان کرد.

بەپێی ئەو بەرپرسانەی ڕۆژی هەینی قسەیان کرد و نزیکن لە سەرکردایەتیی ئێرانەوە، ئەوان هەرگیز پێشبینیی ئەوەیان نەکردبوو ئیسرائیل پێش گەڕی داهاتووی گفتوگۆکان، کە بڕیاربوو ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو لە سوڵتانییەتی عومان بەڕێوەبچێت، دەستپێشخەری بکات بۆ هێرشکردن. هەروەها ئەو ڕاپۆرتانەی باسی هێرشێکی نزیکیان دەکرد، تەنها بە پڕوپاگەندەی ئیسرائیلیان دادەنا کە ئامانجیان فشارخستنە سەر ئێران بوو بۆ ئەوەی لە میانی ئەو گفتوگۆیانەدا سازش لە بەرنامە ناوکییەکەیدا بکات.

بەرپرسان ئەگەری ئەوەیان دەدا کە ئەم دڵنیاییە وای لەو سەرکردانە کردبێت ئەو ڕێوشوێنە خۆپارێزییانە پشتگوێ بخەن کە پێشتر پلانیان بۆ دانرابوو.

ئەم گێڕانەوەیە سەبارەت بە چۆنیەتی ئامادەکاریی بەرپرسانی ئێران پێش ئەوەی ئیسرائیل هێرشە بەرفراوانەکانی ڕۆژی هەینی ئەنجام بدات، و چۆن دواتر کاردانەوەکانیان بووە، پشت بە چاوپێکەوتن لەگەڵ شەش بەرپرسی باڵای ئێران و دوو ئەندامی سوپای پاسداران دەبەستێت، هەمووشیان داوایان کردووە ناسنامەیان ئاشکرا نەکرێت بەهۆی هەستیاریی زانیارییەکانەوە.

بەرپرسان وتیان سەرکردە سەربازییە باڵاکان شەوی هێرشەکەی ئیسرائیل نەچوونەتە پەناگە سەلامەتەکان، بەڵکو لە ماڵەکانی خۆیاندا ماونەتەوە، ئەمەش بڕیارێکی چارەنووسساز بووە.

هەروەها لیوا ئەمیر عەلی حاجی زادە، فەرماندەی هێزی ئاسمان-فەزای سوپای پاسداران، لەگەڵ گەورە یاریدەدەرەکانی، ڕێنماییەکانیان پشتگوێ خستبوو کە نابێت لە یەک شوێندا کۆببنەوە، جا کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی جەنگیان لە بنکەیەکی سەربازی لە تاران ئەنجامدا، و لەو کاتەدا کوژران کە ئیسرائیل بنکەکەی کردە ئامانج.

تا ئێوارەی ڕۆژی هەینی، حکومەتی ئێران تازە خەریک بوو هەست بە قەبارەی ئەو زیانانە بکات کە لە ئەنجامی هەڵمەتە سەربازییەکەی ئیسرائیلەوە پێی گەیشتبوو، کە لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەیانییەوە دەستیپێکردبوو و بەلایەنی کەمەوە ١٥ پێگەی لە سەرانسەری وڵاتدا کردبووە ئامانج، لەوانەش لە ئەسفەهان، تەورێز، ئیلام، لوڕستان، بروجێرد، قوم، ئەراک، ورمێ، قەسری شیرین، کرماشان، هەمەدان و شیراز، ئەمەش بەپێی وتەی چوار بەرپرسی ئێرانی.

ئیسرائیل بەشێکی زۆری لە تواناکانی بەرگریی ئێرانی لەناوبرد، لەوانەش ڕادارەکان و سیستەمەکانی بەرگریی ئاسمانی؛ ڕێگری لە گەیشتنی ئێران کرد بە کۆگای مووشەکە بالیستییەکانی؛ و کەسایەتییە باڵاکانی لە پلەبەندیی سەرکردایەتیی سەربازیدا لەناوبرد، هەروەها بەشی ڕووکەشی دامەزراوە گەورەکەی نەتەنز بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم زیانی گەورەی بەرکەوت.

لە نامە دەقییە تایبەتەکاندا کە بەرپرسان لەگەڵ ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز هاوبەشیان پێکردبوو، هەندێکیان بە تووڕەییەوە پرسیاریان لە یەکتری دەکرد: "بەرگرییە ئاسمانییەکانمان لە کوێن؟" و "چۆن دەبێت ئیسرائیل بێت و لە هەرچییەکی بوێت بدات، و سەرکردە گەورەکانمان بکوژێت، و ئێمە نەتوانین ڕایبگرین؟" هەروەها پرسیاریان سەبارەت بەو شکستە هەواڵگری و بەرگرییە گەورانە وروژاند کە بوونە هۆی ئەوەی ئێران نەتوانێت پێش ڕوودانیان هێرشەکان دەستنیشان بکات، و ئەو وێرانکارییەی لێیان کەوتەوە.

حەمید حوسێنی، ئەندامی لیژنەی وزە لە ژووری بازرگانیی ئێران، لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفۆنیدا لە تارانەوە وتی: "هێرشەکەی ئیسرائیل بە تەواوی سەرکردایەتیی تووشی شۆک کرد، بەتایبەتی بە کوشتنی سەرکردە سەربازییە باڵاکان و زانا ناوکییەکان. هەروەها هێرشەکە کەموکوڕیی ئێمەی لە بەرگریی ئاسمانیی گونجاو و توانای ئەوانی بۆ بۆردومانکردنی پێگە گرنگەکانمان و بنکە سەربازییەکانمان بەبێ بەرگری دەرخست."

حوسێنی، کە نزیکە لە حکومەتەوە، زیادی کرد کە دزەکردنی دیاری ئیسرائیل بۆ ناو دەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی ئێران، بەرپرسانیشی تووشی شۆک کردووە. ئیسرائیل بۆ ماوەی دەیان ساڵە وەک بەشێک لە جەنگە نهێنییەکەی لەگەڵ ئێران، ئۆپەراسیۆنی نهێنیی لە ئێران دژی ئامانجە سەربازی و ناوکییەکان ئەنجامداوە، و تیرۆری ئامانجدار دژی زانا ناوکییەکان ئەنجامداوە. بەڵام هێرشە ئاڵۆز و فرەئاراستەکەی ڕۆژی هەینی، کە فڕۆکەی جەنگی و بریکاری نهێنیی لەخۆگرتبوو کە پارچەی مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوانیان گەیاندبووە ناو وڵات، ئاماژەیە بۆ ئاستێکی نوێ لە کاریگەری و توانایی.

ڕێبەری باڵای ئێران، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، کە گواسترابووەوە بۆ شوێنێکی سەلامەتی نهێنی و لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ ئەو بەرپرسە سەربازییە باڵایانەی مابوونەوە، لە وتارێکی تەلەفزیۆنیدا ڕایگەیاند کە ئیسرائیل بە هێرشەکانی شەڕی دژی ئێران ڕاگەیاندووە. لەکاتێکدا قسەی دەکرد و هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە و سزای دەکرد، ئێران چەندین شەپۆلی هێرشی مووشەکیی بۆ سەر تەلئەبیب و قودس دەستپێکرد.

خامنەیی وتی: "نابێت وا بیربکەنەوە کە هێرشیان کرد و تەواو بوو. نەخێر، ئەوان دەستیان پێکرد. ئەوان شەڕەکەیان دەستپێکرد. ڕێگەیان پێنادەین بە سەلامەتی لەم تاوانە دەرباز بن."

ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران، کە ئەنجومەنێکی ٢٣ ئەندامییە و بەرپرسە لە بڕیارەکانی ئاسایشی نیشتمانی، لە کاتێکی سەرلەبەیانیی ڕۆژی هەینیدا کۆبوونەوەیەکی بەپەلەی ئەنجامدا، بۆ تاوتوێکردنی چۆنیەتی وەڵامدانەوەی وڵات. خامنەیی لە میانی کۆبوونەوەکەدا وتی کە دەیەوێت تۆڵە بکاتەوە بەڵام نایەوێت بە پەلەپروزێ مامەڵە بکات، ئەمەش بەپێی وتەی دوو بەرپرسی ئاگادار لە گفتوگۆکان.

دووبەرەکی سەربەهەڵدا سەبارەت بە کات و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئێران، و ئایا توانای بەرگەگرتنی شەڕێکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل کە ڕەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش تێوەبگلێنێت، بەتایبەتی دوای ئەو زیانە گەورانەی بەر تواناکانی بەرگری و مووشەکییەکەی کەوتووە.

بەرپرسێک لە میانی کۆبوونەوەکەدا وتی ئەگەر ئیسرائیل بە هێرشکردنە سەر ژێرخانی ئێران یان دامەزراوەکانی ئاو و وزە وەڵام بداتەوە، ڕەنگە ببێتە هۆی نارەزایەتی یان پشێوی.

ئەندامێکی سوپای پاسداران کە ئاگاداری کۆبوونەوەکە بوو وتی بەرپرسان تێگەیشتوون کە خامنەیی ڕووبەڕووی ساتێکی چارەنووسساز بووەتەوە لە ماوەی نزیکەی ٤٠ ساڵی دەسەڵاتدارێتیدا: دەبێت بڕیار بدات لەنێوان گرتنەبەری ڕێوشوێن، لەگەڵ مەترسیی شەڕێکی گشتگیر کە ڕەنگە کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی بهێنێت، یان پاشەکشەکردن، کە لە ناوخۆ و دەرەوەدا وەک شکست لێکدەدرێتەوە.

عەلی واعیز، بەڕێوەبەری پڕۆژەی ئێران لە گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، وتی: "خامنەیی ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی باش نەبووەتەوە. ئەگەر گرژییەکان زیاد بکات، ئەوا ڕیسکی ئەوە دەکات ببێتە هۆی هێرشێکی وێرانکەرتری ئیسرائیل کە ڕەنگە ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەشداری تێدا بکەن. ئەگەر واش نەکات، ئەوا ڕیسکی ئەوە دەکات ڕژێمەکەی لاواز بکات یان دەسەڵات لەدەست بدات."

خامنەیی فەرمانی بە سوپای ئێران کرد مووشەک ئاراستەی ئیسرائیل بکات. سەرەتا پلانەکە ئەوە بوو تا هەزار مووشەکی بالیستی ئاراستەی ئیسرائیل بکرێت بۆ سەرلێشێواندنی بەرگرییە ئاسمانییەکانی و دڵنیابوونەوە لە گەیاندنی زۆرترین زیان، ئەمەش بەپێی وتەی دوو ئەندامی پاسداران. بەڵام هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە مووشەکییەکان وایکردبوو گواستنەوەی خێرای مووشەکەکان لە کۆگاکانەوە بۆ سەکۆکانی هەڵدان ئەستەم بێت.

لە کۆتاییدا، ئێران نەیتوانی زیاتر لە نزیکەی ١٠٠ مووشەک لە شەپۆلەکانی یەکەمی هێرشەکانیدا کۆبکاتەوە. بەلایەنی کەمەوە حەوت پێگە لە دەوروبەری تەلئەبیب کرانە ئامانج، کە بووە هۆی کوژرانی یەک کەس و بریندابوونی بەلایەنی کەمەوە ٢٠ کەسی دیکە، و زیانی بە باڵەخانە نیشتەجێبووەکان گەیاند.

دوای ئەوەی هێرشەکانی ئیسرائیل تا ڕادەیەک لە بەشێکی ڕۆژی هەینیدا هێوربوونەوە، هێزەکانی ئێران پەلەیان کرد بۆ چاککردنەوەی هەندێک لە بەرگرییە ئاسمانییە زیانلێکەوتووەکانیان و دانانی سیستەمی نوێ، ئەمەش بەپێی وتەی بەرپرسان. ئاسمانی ئێران بە داخراوی مایەوە و گەشتە ئاسمانییەکان ڕاگیران و فڕۆکەخانەکان داخران.

هەندێک لە دانیشتووانی تاران ڕۆژی هەینی، کە هاوکاتە لەگەڵ پشوویەکی فەرمی، لە چاوەڕوانیی نۆرەدا لە وێستگەکانی بەنزین بەسەربرد بۆ پڕکردنەوەی تانکی ئۆتۆمبێلەکانیان، و ڕوویان لە دوکانەکانی بەقاڵی کرد بۆ کۆکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکان وەک نان و خواردنی قوتوو و ئاوی دەبەکراو.

چەندین خێزان تا درەنگانی شەو لە پارکەکاندا کۆبوونەوە، بەڕەیان ڕاخستبوو و لەسەر چیمەنەکە گەشتیان دەکرد. لە چاوپێکەوتنی تەلەفۆنیدا وتیان کە دەترسن لە ماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە دوای ئەوەی ئیسرائیل باڵەخانە نیشتەجێبووەکانی لە گەڕەکە جیاوازەکاندا کردە ئامانج کە زانایان و بەرپرسانی سەربازی و حکومیی تێدا دەژیان.

مێهرداد، تەمەن ٣٥ساڵ، کە نەیویست ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات لە ترسی سەلامەتیی خۆی، ڤیدیۆیەکی دیواری پەنجەرەی چێشتخانەکەی هاوبەش کرد کە شکابوو کاتێک مووشەکێکی ئیسرائیلی لە باڵەخانە بەرزەکەی تەنیشتیان دابوو لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکەیان لە باکووری تاران. وتی کە بەختی هەبووە چونکە لە ژووری نوستن بووە کاتێک هێرشەکە ڕوویداوە، بەڵام هەندێک لە خەڵکی سڤیلی گەڕەکەکە، لەوانەش منداڵ، بریندار بوون.

لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەیانیی ڕۆژی شەممە، ئیسرائیل هێرشەکانی بۆ سەر تاران دەستپێکردەوە. هەندێک لە دانیشتووان، لەوانەش فاتمە حەسەنی کە لە گەڕەکی میرداماد دەژی، وتیان کە گوێیان لە فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بووە بەسەر سەریانەوە و دەنگی تەقینەوەی بەردەوام کە بەدوایدا دەنگی بەرگریی ئاسمانی هاتووە کە لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی تاران تەقەیان کردووە.

مەهسا، ئەندازیارێکی کۆمپیوتەری تەمەن ٤٢ ساڵ کە لە باکووری پایتەخت دەژی، و ئەویش نەیویست ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات لە ترسی سەلامەتیی خۆی، وتی کە خۆی و خێزانەکەی نەیانتوانیوە بخەون. نەک تەنها گوێیان لە تەقینەوەکان بووە، بەڵکو شوێنەواری ئاگر و دووکەڵیشیان لە پەنجەرەکەیانەوە بینیوە.

وتی: "ئێمە لە ناوەڕاستی شەڕداین، و ئەمە بۆ هەمووان ڕوونە، و نازانین بەرەو کوێ دەڕوات یان چۆن کۆتایی دێت."

# ئیسرائیل چۆن دەیان درۆنی بردە ناو ئێران وردەکاری ئاشکرا دەکرێت

بەپێی وتەی چەند سەرچاوەیەک ئیسرائیل چەند مانگێکە بە قاچاخ و بەشێوەی پارچە پارچە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبڕێژکراوی گەیاندوەتە ناو ئێران لە ڕێگەی جانتا و بارهەڵگر و کۆنتێنەرو کەشتیەوە.

بەشێکی ئەو کەلوپەلانە وەک کاڵای بازرگانی مامەڵەی پێوەکراوەو ئەوانەی بارەکانیان گواستوەتەوە ئاگاداری ئەوەنەبوون ئەو بارانە پارچەی درۆنن و دەبرێنە ناو ئەو وڵاتەوە.

ڕۆژنامەی "وۆڵ ستریت جۆرناڵ"ی ئەمریکی، ڕاپۆرتێکی بڵاوکردوەتەوە کە تیایداچەند وردەکارییەکی ئاشکرا کردوە کە چۆن ئیسرائیل و دەزگای مۆساد فڕۆکە و بۆم و هەواڵگرەکانیان گەیاندوەتە ناو ئێرانەوەو دواتر لە هەینی ڕابردوو هێرشەکانیان پێ ئەنجامداوە.

ڕۆژی دووشەممە ڕۆژنامەی ناوبراو بە پشتبەستن بە سەرچاوە ئاگادارەکان لە ئۆپەراسیۆنی مۆساد بڵاویکردەوە، ئیسرائیل بە بەکارهێنانی چەندین ڕێگەی جیاواز فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی هێرشبەری بە قاچاخەوە بردووەتە ناو ئێرانەوە.

ئەو سەرچاوانەی کە ئامادەنەبوون ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن بە ڕۆژنامەی "وۆڵ ستریت جۆرناڵ"ی ئەمریکیان ڕاگەیاندووە، چەند سەرچاوەیەک ئیسرائیل چەند مانگێکە بە قاچاخ و بەشێوەی پارچە پارچە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بۆمبڕێژکراوی گەیاندوەتە ناو ئێران لە ڕێگەی جانتا و بارهەڵگر و کۆنتێنەرو کەشتیەوە.

دواتربریکارەکانی مۆساد لە ناوخۆی ئێران ئەو ئامێرانەیان کۆکردەوەتەوەو بەسەر ئەو تیمانەدا دابەشیان کردوە کە فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانیان بۆ بەکارهێنان ئامادەکردبوو.

هەر بەپێی ناوەڕۆکی ڕاپۆتی ڕۆژنامەکە سەرکردەکانی تیمەکان لە دەرەوەی ئێران مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە و گەیەندراونەتە ئێران بۆ ئەوەی لێهاتوویی و شارەزاییەکانی بگوازنەوە بۆ تیمەکانی سەر زەوی کە کارەکان ئەنجامدەدەن.

سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەشکردووە، کاتێک هێرشە ئاسمانییەکان دەستپێکردووە، تیمەکان ئەو چەکانەیان بەکارهێناوە بۆ دەرهێنانی سیستەمی بەرگری ئاسمانی لە هەمان کاتدا لە کاتی دەرچوونیان لە پەناگەکاندا بەر موشەک هەڵگرەکانی سەرزەوی بۆ سەرزەوییان داوە و لە تۆڵەسەندنەوەیەکدا لە ئیسرائیل تەقەیان لێدەکرا.

کاتێک ئیسرائیل بەرەبەیانی ئەمڕۆ هەینی هەڵمەتی هێرشی شۆکهێنەری لە ئێران دەستپێکرد، هەروەها فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کوادکۆپتەری هەڵگری تەقەمەنی و موشەک و کەرەستەی ئاڵۆزی جەنگی دیکەی بەکارهێنا کە لە ناوخۆی ئێراندا دانرابوون پێشتر، کەتوانیان هێرشی ورد بکەنە سەر زانایانی ئەتۆمی ئێران، سەرکردە سەربازییەکان، تانکی دژە فڕۆکە و مووشەکی زەوی بە زەوی.

پێشتر باس لەوە کرابوو کە ئیسرائیل ساڵانێکە دەستی بە ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی دژی بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی ئێران کردوە، لەوانە دروستکردنی بنکەیەکی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ناوخۆی ئێران و قاچاخکردنی سیستەمی چەکی ورد و کۆماندۆ بۆ ناو وڵاتەکە.

سایتی ئاوێنە





# گۆڕانکاری لەنەخشەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە نێوان وەهم و راستیدا

## ئاریان رەئوف

لە دوای روخانی رژێمەکەی بەشار ئەسەدەوە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢٤ و دواتریش لە دوای هێرشەکانی ئیسرائیل وئێران بۆ سەریەکتری، پرسی (دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست) جۆرێک ئومێدی لە لای روشنبیران وئەکادیمست وشرۆڤەکاران و بەشێک لە سیاسەتمەدارانی کورد دروست کردوە، ئەم ئومێدەش پەریوەتەوە بۆ ئاستە گشتیەکە، بە جۆرێک لەو گۆرانکاریانەی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەروانرێت کە دەرفەتێکی حەتمی بۆ دروستبونی دەوڵەتی کوردستان دروست دەکات، کە بەداخەوە ئەڵێم ئەم تێگەیشتنە وەهمێکە وامان لێدەکات سەرنجمان لە سەر ئاڵەنگاریەکان نەمێنێت تەنها دەرفەتە وەهمیەکان باڵا بکەین. لەبەر گرنگی پرسەکە لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین بە کورتی تیشک بخەینە سەر ئەو رەهەندە گرنگانەی پەیوەستە بە (دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست). و بپرسین ئایا ئایا دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراست دەستکاری کردنی سنوری جوگرافیایی دەوڵەتەکانی ناوچەکەکە لەخۆ دەگۆێت یان تەنها گۆرینی هاوسەنگی و گۆرانکاریە لە سیستەمی سیاسی بەشێک لە وڵاتەکانی ناوچەکە؟

"گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراست " لەم قۆناغەدا بە واتای ئەوە نایەت کە سنووری فەرمیی دەوڵەتەکان (وەک عێراق، سوریا، ئێران، تورکیا) بسڕدرێنەوە و نەخشەیەکی سەرلەنوێ وەک ئەوەی لە ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆدا کێشرا، دابڕێژرێتەوە.بەڵکو دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز، ئەمەش دەرئەنجامی لاواز بونی نفوزی زلهێزێکی هەرێمی وەک ئێران هاتوەتەبون . واتە نیەتێک نیە بۆ دابەشکردنەوەی سەرلەنۆی ئەم وڵاتانە، هەر لەم بارەیەوە نێردەیەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ سوریا تۆم باراک لە تویتێکدا لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (ئێکس) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٥/٢٥ ئاماژەی روونی بەم پرسەدا و ڕایگەیاند )سەدەیەک لەمەوبەر ڕۆژئاوا نەخشە و سنوورێکی دەستکردی بەسەر ناوچەکە سەپاند، ڕێککەوتننامەی سایکس - پیکۆ، سووریا و تەواوی ناوچەکەی دابەش کرد بۆ قازانجی ئیمپراتۆرییەت نەک بۆ ئاشتی، ئەوە هەڵەیەک بوو نەوە دوای نەوە باجەکەیان دا، ئەمەریکا هەرگیز ئەو هەڵەیە دووبارە ناکاتەوە). هەروەها تۆم باراك لەبەێکی تری تویتەکەیدا ئاماژەی بەوەش کردووە،( سەردەمی دەستوەردانی ڕۆژئاوا کۆتایی هات، داهاتوو بۆ چارەکردنی کێشەکانی ناوچەکە و هاوبەشی و دیپلۆماتییەتە لەسەر بنەمای ڕێز). ئەگەرچی لەلایەن هەندێک ناوەندەوە خوێندنەوەی پێچەوانەی بۆکرابوو بەوەی نەخشەی سایکس پیکۆ هەڵدەوەشێنرێتەوە ، بەڵام بە پێچەوانەکەیەوە جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو هەڵەیە دوبارە ناکەنەوە.

کەواتە (دارشتنەوەی نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەراست) لە کردەوەدا چی دەگەیەنێت؟

یەکەم/ گۆڕانکاری لە نەخشەی نفوز و هاوپەیمانێتییەکان

ئەمە گرنگترین گۆڕانکارییە. "نەخشە" لێرەدا تەنها خاک نییە، بەڵکو نەخشەی هێزە. کە لە خوارەوە ئاماژەیە بۆ گۆڕانکاری لە هاوسەنگیی هێز لە چەند خاڵێکدا دەخەینە روو:

١-پاشەکشەی پرۆژەی نفوزی ئێرانی: نەخشەی نفوزی ئێران لە پایتەختەکانی (بەیروت و بەغداد و صەنعا و دیمەشق )ڕێگەی (حیزبوڵلا لە لوبنان و لە سوریا، حوسییەکان لە یەمەن، و گروپە میلیشیایەکان لە عێراق ) ئیدارە دەدران بەشێوەیەک لاواز دەبێت کە رێگە خۆش دەکات بۆ چالاکبونی نفوزی وڵاتانی خەلیج و ئیسرائیل. ئێستا بە ڕوونی دەبینرێت کە چۆن ئەم بەرەیە دەتوانێت لە چوارچێوەیەکی جوگرافیی فراواندا (لە دەریای سوورەوە تا دەریای ناوەڕاست) فشار دروست بکات. لە ئەگەری گۆرانکاری لە سیستەمی سیاسی لە ئێران ئەم بەرەیە دەبێتە زلهێزی هەرێمی.

٢- ئاسایکردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ ئیسرائیل: نەخشەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان (ڕێککەوتننامەکانی ئەبراهام) کە ئیسرائیلی خستۆتە  ناو هاوپەیمانێتییەکی گەورەی هەرێمییەوە، بەشێوەیەکی فراوان دەچێتە پێشەوە و فراوانتر ئەبێت، ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئیسرائیلە لە دوای هێرشەکەی ٧ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣.

٣-پاشەکشەی پرۆژەی نفوزی تورکیا: گۆرانکاریە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کاریگەری گەورە لەسەر نفوزی تورکیا دروست دەکات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەرە لە ئێستەشەوە کاریگەریەکان بەرونی  بەدەرکەوتون ، لە ئێستا تورکیا ئەوەندەی بە کێشە ناوخۆیەکانیەوە سەرقاڵە ئەوەنەدە بەجوڵەی دەرەوەی سەرقاڵ نیە یان بەمانایەکی تر دەرفەتی جوڵەکانی لە دەرەوە سنورداربون.

٤-پاشەکشەی نفوزی روسیا: لە دوای بەهاری عەرەبییەوە نفوزی روسیا لە ناوچەکەدا بەرەو فراوانبون رۆشت، بەڵام لەدوای کەوتنی بەشار ئەسەد بەرژەوەندیەکانی روسیا زەبرێکی گەورەی بەرکەوت، هەر گۆرانکاریەکی نوێش لە ئێران ئەوەندەی تر نفوزی روسیا لە ناوچەکە لاوازتر ئەکات .

دووەم / گۆڕانکاری لەناو سنووری دەوڵەتەکاندا (چەسپاندنی دابەشبونە دیفاکتۆیەکان ): وەک رونە لە دوای ١٩٩١ هەرێمی کوردستان جۆرێک لەسەربەخۆی هەیە لە چوارچێوەی عێراقدا کە لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ ئەم سەربەخۆیە چوارچێوەیەکی یاسایی پێبەخشرا، لەدوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی لە سوریا (پرۆژەی خۆبەرێوەبەری رۆژئاڤا) بوەتە دیفالکتۆیەکی لە سوریا، لە هەر گۆرانکاریەکیش لە ئێران کوردستانی رۆژهەڵات لە ئەگەری ئەوەدا ببێتە پرۆژەیەکی هاوتایی هەرێمی کوردستان و رۆژئاڤا، لە تورکیاش ئەو پرۆژەیە وابەستەیە بە سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەی ئاشتی . کەواتە گۆڕانکارییەکە" لێرەدا دەکرێت بریتی بێت لە چەسپاندنی ئەم دابەشبوونە دیفاکتۆیە، نەک دروستکردنی دەوڵەتی نوێ.

کەواتە کاتێک هەر لایەنێکی خاوەن نفوز باس لە "گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست" دەکات، مەبەستی سەرەکیی دابەشکردنەوەی دەوڵەتان نییە، چونکە ئەمە زۆر قورس و مەحاڵە. بەڵکو مەبەستیان بریتییە لە:

١-تێکدانی هاوسەنگیی هێزی ڕکابەرەکانیان (وەک ئێران و بەرەی موقاوەمە).

٢-دروستکردنی هاوپەیمانێتیی نوێ و یان فراوانکردنی هاوپەیمانیەتەکان و گۆڕینی نەخشەی دۆست و دوژمن.

٣-لاوازکردنی دەسەڵاتی سەنتەرگەرایی لە وڵاتە فرە پێکهاتەکان.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێن گۆرانکاریەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست گۆرانکاریە لە نەخشەی هێز نەک دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی  جوگرافیا واتە سنوورەکانی سەر نەخشە وەک خۆیان دەمێننەوە، بەڵام ئەوەی  گۆرانی بەسەردا دێت بریتین لە گۆران و دارشتنەوە لەڕووی کۆنترۆڵی سەربازی ، و نفوزی سیاسیی و هاوپەیمانیەتی، وسەنتەرگەرایی دەوڵەتە فرە پێکهاتەکان، کە گۆڕانکاریی بنەڕەتیان بەسەردا دێت. ئەمەیە کرۆکی گۆڕانکاریە لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە ئێستادا.


سایتی زەمەن

# زیندەگینامەی کەرکووک / مەرگنامەی داگیرکەران

## لەتیف هەڵمەت

جاران هەموو ڕێگاکان دەچوون بۆ :
بانە
ئێستا گشت ڕێگاکان دەڕۆن
بۆماڵی مامە ڕیشە لە :
کەرکووک
ئەگەر خوای مەزن
بچوایە بۆ میوانی خۆشەویستانی خۆی
دەچوو بۆ ماڵی
ئازاد هەورامی لە :
کەرکووک
ماڵی کەس نیە کەس .. کەس
تاپۆکەی لە گیرفانی
کامیلی مەلا وەیسی دایە :
کەرکووک
خوای مەزن
سێ جار گریاوە
یەکەم جار بۆ :
هەڵەبجەی کیمیابارانکراو
دووەم جار بۆ :
ئەنفالکراوەکان
سێیەم جار بۆ :
ئاوارەکانی
کەرکووک
خوای مەزنیش
بەکوردی قسەدەکات
کاتێ کە دەچێ بۆ :
کەرکووک
خوا ئەگەر
لە ئاسمان بێزار ببێ
بە جبرەئیل دەڵێ
عەرشەکەی بۆ گوێزێتەوە بۆ :
کەرکووک
خوای مەزن
دووجار نەفرەتی کردووە
یەکەم جار لە ئیبلیس
دووەم جار لە :
بەرپرسەکانی
کەرکووک
لە :
حزب و مزب بێزارە بێزار بێزار
تەنها و تەنها
ناسنامەی کوردستانی لە گیرفاندایە
کەرکووک
زستانان کە ئاوی خاسە هاژەی دێ
ئاو نیە
خوێنی شەهیدەکانە
گۆرانی دەڵێ بۆ :
کەرکووک
هەموو بڵێسە ئاگرێک
شەهیدێکە بە چرایەکەوە
بۆماڵەکەی جارانی خۆیان دەگەڕێ لە :
کەرکووک
لە ژمارەی هەموو نەتەوەکانی عێراق
زۆرترن
ژمارەی شەهیدەکانی :
کەرکووک
ئەگەر دەمی ببوایە
تفی لە هەموو بەرپرسێکی
نەوت دز دەکرد
کەرکووک
ئەگەر خوای مەزن حەزی لەگۆرانی بوایە
دەچوو گوێی لە گۆرانی (شەرتە تا ڕۆژی حەشر ) ی
عەلی مەردان دەگرت لە :
کەرکووک
لە باوباپیرانم بیستووە
مردوو زیندووبۆتەوە
کە شۆڕدراوە بەئاوی :
کەرکووک
لە هەموو ئەستێرەکان
جوانترن
ئەستێرەی ئاسمانی :
کەرکووک
ئادەم و حەوا
کەلە بەهەشت دەر کران
چوون بۆ :
کەرکووک
واڕاهاتوین
کە دەبین بە وێنەکێش
سەرەتا لە سەر دڵماندا
دەکێشین وێنەی :
کەرکووک
لەو چیاو گردۆڵکانەدا
گوێم لە دەنگی هەزاران شەهیدە دەڵێن :
ئێسک و پرووسکەکانمان ببەنەوە بۆ :
کەرکووک
بە زیندوێتی و
بە مردوێتی
هەر شەهیدن
شەهیدن خەڵکی :
کەرکووک
وڵاتی بەرپرسە بازرگانەکان نیە
وڵاتی شەهیدەکانە
کەرکووک
دەکرێ ناوی شەقامەکانی
بگۆڕدرێ
بەڵام ناکرێ
ناکرێ
ناکرێ
لە یاد بچێ ناوی شەهیدێکی :
کەرکووک
ئەی خوایە گیان
من نە دەوڵەمەندێتیم لێت دەوێ
نە وەک هەندێ لە زانایانی ئاین
لێت دەپاڕێمەوە ببم
بە ئەندام پەرلەمان
هەموو نزایەکی من ئەوەیە
توانایەکم بدەیتێ
جوانترین شیعر بنووسم بۆ :
کەرکووک ...





# بۆچلەی..

# چڵە (نێرگزەکەی) هاوڕێم !

حەمەعەلی*






ڕۆژێکی باراناوی بوو.بەجل وبەرگێکی نوێی شاریەوە،بەباڵای ڕۆژێکی نوێی شاخدا هەڵزنا ،سەنگەری ئەوکات لەترۆپکی چیاکاندابوو.گەیشتن پێیان دژوارو مەحاڵ بوو،بن پنچک.و.زنارەکان پڕ مەرترسی بوون،نان وئاو پێخۆر بۆ پۆشاک سەووزەکان مەحاڵ بوو،شەوانێکی درەنگ خۆیان دەکرد بەناو گوندەکاندا،چرای ماڵە جوتیارەکانیش پێشوازیان لەکۆڵ لەپشتەکان دەکرد ،میوانەکانی شەو پەلەیان بوو خێرا کەشکۆڵی پشتیان پڕدەکرد لەنانی تیری و بەرەو ڕەووزو لووتکەی چیا سەختی هەڵدەزنان ودەبوون بەهاوڕێی ئەشکەووت وڕۆژە تەنیایەکان،(چڵە نێرگزەکەی)وەندەرێنەش لەڕۆژێکی تەڕو باراناویدا گەیشتە بەلووتکەی کوڕەکاژاو،شارو ڕووناکی شەقامەکانی جێهێشت توولەڕێگاو سەختەڕێگاکانی چیا، بوون بەمیوانی هەنگاو مەچەک وپەنجەکانی،لەدووندی بەرزی (کوڕەکاژاو) جلوبەرگێکی نوێی چیای پۆشی، تفەنگێکی بڕنەوی دار شووشەی کرد بەشانیدا،لەشەوێکی تاریکدا،تەنها ئەستێرەکانی ئاسمان بەئاگابوون،لەگەڵ هاوڕێکانیدا خۆیکرد بەناو گوندەجوانەکەی (وەندەرێنەدا)یەکەم نانی چیای خوارد،خەڵکی دێ زانیان کوڕێکیان بووە بەمیوانی سەختەڕێگاکانی شاخ..

هەنگاوەکانی بۆ لووتکەی چیاکان ئاسکی بوو..

هەناسەی بۆتوولە ڕێگاکانی شەو هەڵۆی بوو.

هەڵمەتی بۆنێچیرەکانی پڵنگی بوو.

چاوەتیژەکانی بۆشەوە تارەکان (بازی) بوو..

باوەشی بۆزامدارەکانی هاوڕێی بەهەشتی بوو..

ئەم چڵە نێرگزە بەهاریە،دەبوو،بەخەندەو دەڕژا بەسەردڵە زیزبووەکاندا.دەبوو بەچەپکێک وەفای شیرین ودادەباری بەسەر زەویە ووشک بووەکاندا.

ئەم چڵە زەیتوونە..

دەبوو بەڕێژنەی باران ودەباری بەسەر کانیە ووشک بووەکاندا.

ئەم چڵە زەیتوونە.

دەبوو بەفریشتە ودۆزەخەکانی سەر زەوی دەکرد بەبەهەشتی ڕەنگین..

ئەم چڵە زەیتوونە!

لەبەهاری تەمەنیەوە تاکوو هەڵوەرینی گەڵا سەووزەکانی ڕۆحی،

خەندە میوانی لێوی بوو.

قاقا دۆستی دیدەکانی بوو.

ڕق وکینە هەرگیز نەیدەتوانیەوە میوانی دڵی بێ..

دوجار لەگەشتێکی بەهاری تەمەندا،چرای دیدەکانت خامۆشکرا.هەنگاوە زێڕینەکانت لەڕۆیشتن کەووت..

قوڵ ومەچەک و پەنجە ئاگرینەکانت ووشک بوون کەووتنە سەر زەوی.هەناسە سپیەکەی ڕۆحت گەڕایەوە بۆلای فریشتەکانی خودا..

چڵە زەیتوونەکەی هاوڕێم!

چلەی (کۆچت) ئازارێکی خستە سەردڵی زامم.

چلەو کۆچت،چرایەکەو لەدڵمدا خامۆش نابێ.

بزەی سەرلێوانت بەهارێکەو لەوەرزی ژینمدا زەرد نابێ.

قاقات چەپکێک گوڵەو لەدیدەکانمدا هەرگیز ووشک نابێ.ڕۆحت شاد بێ چلەشت جوان وگەشاوە بێ

هاوڕێت حەمە عەلی.

# ڕۆڵی پەروەردە بۆ گرنگی و هاندانی خوێندنەوە

ڕەووف محەمەد ئالانی



لەناو هەر کۆمەڵگەیەکدا خوێندنەوە بەشێکی گرنگ و دیاری ژیانی مرۆڤەکانە. ئەم کردارە تەنها خوێندنەوەی وشە و دەق نییە، بەڵکو پەنجەرەیەکی فراوانە بۆ ناسینی جیهان و پەرەپێدانی بیر و هزر.

دەکرێ خوێندنەوە وەک خولیا و حەزێک لێی بڕوانرێت، بۆ ئەوەی مرۆڤ هەر بابەتێکی یان زانیارییەکی کە مەبەستی هەبێت لەڕێیەوە دەستی بکەوێت. خوێندنەوەش دەکرێ پۆلێن بکرێت بۆ تەمەنی جیاواز، چونکە بەپێی تەمەنی مرۆڤەکان واباشترە ڕەچاوبکرێت، بەنمونە خوێندنەوە بۆ تەمەنی مناڵان پێویستە خولیاو خەون و ئەندێشەی ئەوان لەخۆبگرێت و دووربێت لە توندوتیژی و ئازاردان، دەکرێ پەروەردەیی بێت و هانیان بدات بۆ ڕێزگرتن و خۆشەویستی و هاوکاری و سۆزو میهرەبانی بەرامبەر مرۆڤ و گیانداران. ئەو دەقانەی بۆ منالآن دەونوسرێن پێویستە بەزمانی سادە و ساکار بنوسرێن، وابێت کە بەئاسانی لێی تێبگەن و چێژبەخش بێت، جادەقەکان چیرۆک یان شیعر و پەخشان (دارشتن) بن لەهەمانکاتدا پێویستە ڕەچاوی ئاستی گەشەی بیرو لایەنی کۆمەڵایەتی و دەرونی و پەروەردەیی بکرێت.

بێگومان ناکرێ ڕۆڵ و کاریگەری و بایەخی پەروەردە بە هەند وەرنەگیرێ لە پرۆسەی ئاراستەکردنی تاک بۆ خوێندنەوە، ئەو کاریگەرییە یان ڕاستەوخۆ دەبێت یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵ دەگێرێت.

خوێندنەوە چەندین سوودی گرنگی بۆ مرۆڤ هەیە لەوانە:

١. پەرەپێدانی زانست و زانیاری: خوێندنەوە دەرگایەکی فراوانە بۆ فێربوون و ناسین و زانستی نوێ. مرۆڤ لەڕێگەی خوێندنەوەوە دەتوانێت لە بوارە جیاوازەکاندا زانیاری وردی پێ بگات و گەشە بە زانستی خۆی بدات.

٢. فراوان بوونی هزر و بیرکردنەوە: کاتێک مرۆڤ دەخوێنێتەوە، توانای بیرکردنەوەی گەورەتر دەبێت. خوێندنەوە مێشک بەردەوام چالاک دەکات و بیرکردنەوەی ئەقڵانی و ڕەخنەگرانەی پەرە پێدەدات.

٣. دروست بوونی هەستی داهێنان: زۆرێک لە داهێنەران و نووسەران لەڕێگەی خوێندنەوەوە توانای داهێنانی خۆیان گەشە پێ داوە. خوێندنەوە بیری مرۆڤ فراوان دەکات و هەستی داهێنان بەهێز دەکات.

٤. کاریگەری دەروونی و کۆمەڵایەتی: خوێندنەوە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ تێگەیشتن لە هەستەکان، ژیان و بارودۆخی کۆمەڵگە. هەروەها خوێندنەوە یارمەتی مرۆڤ دەدات بۆ فراوانکردنی تێگەیشتن و هاوسۆزی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٥. دەوڵەمەندکردنی زمان: بەردەوام خوێندنەوە یارمەتی مرۆڤ دەدات زمانی خۆی بەهێز بکات، زاراوەی نوێ فێر بێت و بتوانێت بە شێوەیەکی باشتر بیر بکاتەوە و دەربرینی باش بکات.

٦. خۆپاراستن لە نەزانی: خوێندنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە نەزانی دوور بکەوێتەوە و زانیاری دروست وەربگرێت. هەر چەندە زیاتر بخوێنێتەوە، ئەوەندە زیاتر لە هەڵە و چەواشەکاری دوور دەکەوێتەوە.

٧. پاراستنی تەندروستی دەروونی: خوێندنەوە چالاکییەکی گرنگی دەروونییە کە مرۆڤ لە باری دەروونی ساغ و گونجاو ڕادەگرێت. هەروەها دەتوانێت یارمەتی کەمکردنەوەی خەم و پەژارە بدات.

بۆیە دەبێت هەموومان گرنگی بە خوێندنەوە بدەین، کاتی پێویستی بۆ تەرخان بکەین و ببینە خوێنەرێکی بەردەوام و چالاک. خوێندنەوە گەنجینەیەکی بەنرخە کە هەرگیز بەسەر ناچێت و هەمیشە سوودی هەیە. لەم کات و ساتەدا بەهۆی گەشەکردنی بەربڵاوی تەکنلۆژیاو تۆڕەکانی پەیوەندی و کۆمەڵایەتی، لەئێستادا خوێندنەوە زیاتر لەم تۆڕانەدا کارایە و ڕۆڵی کتێب کەمبۆتەوە، بەڵام چێژی خوێندنەوە بۆ خوێنەر هەمیشە لە کتێبدا کاریگەرتر و خۆشترە لەرووی دەرونیەوە، هەرچەندە تۆڕەکان ئاسانتر زانیاری و بابەتی ویستراو دەخەنە بەردەست.

لەسەر خێزان پێویستە هەوڵی ئاراستەکردنی منالەکانیان بدەن بۆ خوێندنەوە، بە کردار واتە چاولێکردن و لاسایی خۆیان لە منالیەوە، بەهۆی ئەوەی کتێبخانە لەماڵەکانیاندا هەبێت و لە دیار چاوی ئەوان کاتی دیاریکراو دابنێن بۆ خوێندنەوە، تا ئەوانیش چاویان لێبکەن و بەشێک لەکاتەکانیان بۆ خۆیان بەخوێندنەوە تەرخان بکەن، هەوڵیش بدەن لەکتێبخانەدا بابەتی گونجاوی تێدابێت بۆ تەمەنی ئەوان، تا تامەزرۆیی و خواستیان زۆرتر بێت و هاندەر بێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر خوێندنەوەی کتێب.

دەکرێ پەروەردەش لەڕێگەی بابەتەکانی ناو پرۆگرامەکانی خوێندن گرنگی بە هاندان بۆ خوێندنەوە بدات، لە ڕێگەی چیرۆک و هۆنراوە و بابەتی پەند و ژیانی ناودارانی جیهان، تا بکرێنە وانەی ژیان و ئاراستەی تاک بەرەو خۆشەویستی کتێب بکرێتە ئامانج.

لای زۆربەی نوسەران و کەسانی ناسراو و ناوداری جیهان، خوێندنەوە جێی بایەخ بووە و گرنگیان پێداوە و لەسەر خوێندنەوە بۆچون و ڕای خۆیان دەربڕیوە، چەند کەسێک لەوانەی کاریگەریان بەسەر مرۆڤایەتیەوە هەیە دەهێنمەوە کە لەسەر خوێندنەوە وتەی بەجێ و بەنرخیان وتوە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

١. ماهاتما گاندی وتویەتی:

"کتێب باشترین هاوڕێیە، هیچ کاتێک بێدەنگ نابێت و هەمیشە فێرت دەکات"

٢. ئەلبێرت ئەنیشتاین:

"ئەگەر تۆ دەتەوێت زیرەک بیت، با کتێب خوێندنەوە هاوڕێت بێت. کتێبەکان گرنگترین جۆری پەروەردەن."

٣. مالکۆم ئێکس:

"خوێندنەوەی کتێب، شۆڕشی مێشکی منی بەڕێوەبرد. کتێب چەکی هزری مرۆڤەکانن بۆ گۆڕانکاری."

٤. نێلسۆن ماندیلا:

"کتێب و خوێندنەوە دەتوانن گۆڕانکاری بکەن. کاتێک مرۆڤ دەخوێنێتەوە، دنیایەکی نوێ دەناسێت."

٥. ستیڤن کینگ:

"خوێندنەوە مانای گەشتکردن بەبێ ئەوەی شوێنی خۆت جێ بهێڵیت."

٦. مەحمود درویش :

"کتێب پردی نێوان مرۆڤەکانە، ئەو پردەی کە سنوورەکان تێدەپەڕێنێت."

ماریا تریزا :

"کتێبەکان تاکە شوێنن کە تێیدا مرۆڤ دەتوانێت هەموو کاتێک فشار وناخۆشیەکانی ژیان لە بیر خۆی بباتەوە."

سەرچاوە:


بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لەچەند ماڵپەڕێکی عەرەبی و وتەی ناوداران لەسەر خوێندنەوە، وەرگرتووە.





# سەبارەت بەشیعروشاعیر

تەها عومەر



شیعرئەوهەستەجوانەیەکەلەقووڵایی ناخی شاعیرەوە هەڵئەقوڵێت کاتێک لەدەروونیا خەمێک سەرهەڵئەدات خەمی ئازارەکانی نیشتمان یان عەشقی  جوانیەکانی سروشت یان دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی یاروخەم وئازارەکانی ئەوین، ئەوکاتەی شاعیرلێزانانە وەک وێنەگرێکی دەستڕەنگین وکارامە، بەکامێرای ڕۆحی وێنەی ئەگرێ و بۆ هەتا هەتایە بەزیندوویی ئەمێنێتەوە،  شیعری ڕاستەقینە بەو جۆرە لە دایک ئەبێ و شاعیری ڕاستگۆش ئەوکەسەیە  بێ زۆر لە خۆکردن ئیلهامی شیعری بۆدێ وڕاستگۆیانە دەری دەبڕێت، کاتێک شاعیر زۆر لە خۆی دەکات بۆ نووسینی شیعرێک ئیتر لە سەر داواکاری کەسانێک بێت یان بۆ پارە و بەخشیش بێ، یان کاتێ شاعیر درۆ لەگەڵ هەستی خۆی دەکات و بەزۆرەملێ یەخە بە ئیلهام وشیعر دەگرێ وگوایە شیعر دەنووسێ، ئەوەی دەینووسێ هەمووشتێکە بەس شیعرنیە، هەربۆیەشیعرەکەبەمردوویی لەدایک دەبێ وکاتێک دێتەژیانەوە هەناسەی لێبڕاوە ، شیعرباڵندەیەکی ئازادەوبەکەسماڵی ناکرێ هەربۆیەجوانی لەکوێ بێ ژیان وعەشق وئەوین لەکوێ بێ ئەوبۆئەوێ لەشەقڕنی باڵ دەداوبەهیچ کەس ناگیرێ ، کاتێک شیعرکۆت وپێوەنددەکرێ وشاعیربەزۆربەباڵای کەسانی ناشایستەدا دەیدوورێ لەسنووری شیعردەردەچێ وپاسپۆرتی وڵاتی شیعری لێ دەسەنرێتەوە ، زۆربوون ئەوانەی بوونەشاعیری دەرباروماستاوچیی حیزب وسەرکردەدیکتاتۆرومرۆڤ کوژەکان ، لەجەنگی قادسیەی دۆڕاودا زۆرشاعیرخۆیان وقەڵەمەکانیان فرۆشت بە جەنگێکی دۆڕاووسەرکردەیەکی ڕسوای دەروون نەخۆش ، سەدام حسێنی گۆڕبەگۆڕ ڕۆیشت وناوی ئەوشاعیرانەوشیعرەکانیشیانی لەگەڵ خۆی خستەزبڵدانی مێژووەوە ، لەبیرمەکاتێک قوتابی بووم شاعیرێکی دەربارودۆڕاوشیعرێکی نووسی بەناوی (سەرۆکمان زێڕە) شیعرەکەکرابەسروودێکی قێزەون ولەتەلەفزیۆنەوەڕۆژانەپەخش دەکرا سروودەکەش بەزۆرلەقوتابخانەکانا دەبووقوتابیان لەبەری بکەن ، ئەم کاسەلێسی یەتەنها مەیدانی شیعری نەگرتەوەبەڵکوپەلی هاویشت بۆهونەری شانۆوسینەماونووسین وچیرۆک وڕۆمان وڕۆژنامەنووسانیشی گرتەوە ، لەهەمووکات وشوێن وسەردەمەکانابەئێستاشەوە شاعیرونووسەروهونەرمەندی دەرباروکاسەلێس وماستاوچی وخۆبەرەپێشەوە هەبوون وهەن ، شاعیری گەورەی کوردمامۆستا(لەتیف هەڵمەت) لەدیوانەشیعری (پرچی ئەوکچەڕەشماڵی گەرمیان وکوێستانمە)جوانترین شیعری کاڵابەقەدباڵای بۆئەوشاعیرانەنووسیوە کەدەڵێت :

(هیوادارم لەنووسینەوەی شیعرەکەداهەڵەم نەبێ چونکەمن ئەوشیعرەم لەسەرەتای هەشتاکانداخوێندۆتەوەوئێستاش ئەودیوانەلەبەردەستمدانیە) :

هۆ شاعیرەبێ ناوەکان
کێ پێی وتن
هۆنراوەتان
بکەن بەناڵی ئەسپی سوڵتان؟
بۆچی تاجی شاپیرۆزە؟
یان کڵاشی چەوساوەکان؟
ڕۆژێ دادێ
تەخت وتاجی
گشت پاشایەک خاپوورئەکرێ
ئەوساکێ هۆنراوەکانتان ئەکرێ؟
ئەی شاعیرەبێ ناوەکان
ئەی شاعیرە پێڵاوەکان

شیعرئەبێ بۆنی عەتری یاروجوانیەکانی سروشت وخەم وئازارەکانی نیشتمانی لێ بێ ، دەبێ چەکی دەستی هەژاران ونانی برسی ونەداران بێ هەربۆیە مامۆستالەتیف هەڵمەت لەدیوانێکی تریدابەناوی(وشەی جوان گوڵەگوڵێ) لەشیعرێکیدادەڵێت:

چونکەشیعرم
تینووی دەمی
خۆری تازەی دەم کەلە
چونکەشیعرم ڕەشماڵی
هەزاران هەزار
دەرکراوودەربەدەرە
چونکەشیعرم بەدەست هەموو
مافخوراوانی زەویەوە
خەنجەرە
لەبەرئەوەڕقیان لێمەو
شیعرەکانم ڕەجم دەکەن
چی ترسنۆک وهەلپەرست
داگیرکەرونۆکەرە

هەربۆیەشیعری ڕاستەقینەهەرگیزنامرێ وئاوی نەمریی خواردۆتەوە مێژووبۆهەتاهەتایە ناوی شاعیرانی وەکو لۆرکاوپۆشکین ویەسەنین وئادگارئالان پۆومایکۆڤسکی وئارسەرڕامبۆوبۆدلێروغەسان کەنەفانی ومەحموددەرویش وجەواهیری وگۆران وپیرەمێردوقانع وبێکەس وحاجی قادروئەحمەدی خانی ودڵداروهێمن ومەلای گەورەوزێوەروئەحمەدموختارجاف بەئاوی ئاڵتوون ئەنووسێتەوەو نموونەی وەکوئەوشاعیرەی سەرۆکمان زێڕەی نووسی وهەموونموونەکانی تری شاعیرانی دەرباروکاسەلێس وماستاوچی لەگەڵ ناوی دکتاتۆرەکانی وەکو هیتلەروفرانکۆوسەدام حسێندا ئەچێتەزبڵدانی مێژووەوە نەمری وژیانی جاویدانی بۆشیعری سەرکەشی دەستەمۆنەکراووو شاعیری ڕاستەقینەی نەدۆڕاوو ڕاستگۆلەگەڵ ویژدانی خۆی  ونیشتمان وبەرەی گەل

# بۆئەوەی ئەدەب و هونەر بەردەوام بێت ئەوانەی بە فەرامۆشی دەسپێردرێن

## هێدی کەلاڵی



زۆربەی ئەدیب و هونەرمەندانی بوارە جیاجیاکانی هونەر بە درێژایی ساڵانی نوسین و نواندن و بەرجەستەکردنی بەرهەمەکانیان بەجۆرێک لە جۆرەکان بەهۆی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە کاریگەریان بەسەر خوێنەر و بیسەر و بینەران دروستکردووە لەو پێناوەشدا وەکچۆن خەباتی چەکداری لە قۆناغێک و سەردەمێکدا پێویست بووە هەبێت ئاواش خەباتی قەڵەم و دەنگ و ڕەنگ و نمایشی شانۆیی هاوشانی ئەو خەباتە وەک پێویستیەکی ستاتیکایی و رۆحی پێویست بووە. نەوە دوای نەوەش ئەو ئەدەبیات و شاکارە هونەریانە بە نەوەی ئەمرۆ و داهاتوو دەسپێردرێت بەمەش ڕێبازو بوونی ئەدەب و هونەر بۆ هەتا هەتایە بە نەمری و بەردەوامی دەمێنێتەوە. زۆربەی نوسەری باش قەڵەم و هونەرمەندانی خاکی و ڕەسەنەکان لە ئاخرو ئۆخری تەمەنیاندا کاتێک دەچنە ناو ساڵ و توشی نەخۆشیە درێژخایەن و درمیەکان دەبن ناتوانن درێژە بە کارە ئەدەبی و هونەریەکانیان بدەن ، تەمەن و نەخۆشی دەبنە لەمپەر لەبەردەم چالاکیەکانیاندا، بۆیە بەشێکیان دەبنە هاوەڵی دارشەق و سەر عارەبانە و جێگا یان کزو مات و بێدەنگ لە گۆشەی چایخانەکانی شارو یان لە سوچێکی ماڵەکەیاندا لەگەڵ بیرەوەرییەکانیاندا دەژین! یان بە تەماشاکردنی سوپاسنامەو رێزلێنانەکانی دەزگا ئەدەبی و هونەرییەکان کە پێشکەشیان کردوون هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەکێشن و بۆ چەند ساتێک دەگەڕێنەوە رابردوو و رۆژان و ساڵانی پێشووتریان کە تیایدا پێشەنگ بوونە لە نوسینی کتێب و شاکاری ئەدەبی و هونەریی و یان چالاک و کارامەبوونە لە چڕینی گۆرانی و نمایشکردنی بەرهەمی تەمسیل و شانۆدا.

ڕاستیەک هەیە دەمەوێ بیڵێم: دەستەڵاتدارە خۆجێیەکانی شارەکان و حکومەتی هەرێم باش دەزانن بەشێک لەو ئەدیب و هونەرمەندانە شوێن و جێیەکی شایستەیان نیە بۆ حەوانەوە و ژیانکردن و هەروەها پێویستیان بە چارەسەری پزیشکی نەخۆشەکانیان هەیە، بەڵام لایەنی پەیوەندیدار وەک پێویست و بە شێوازێکی شایستە بەدەم چارەسەری کێشەکانیانەوە ناچن! یان ئەگەر بەدەم کێشەکانیشیانەوە بچن ئەوە بۆ کاتێکی دیاریکراوەو بنەبڕی کێشەکانیان ناکەن!! یاخود ئەو هاوکاری و یارمەتیانەی پێیان دەدرێت وەک بەخشین پێیان دەفرۆشنەوەو منەتباریان دەکەن بابەتەکە دەکەنە کەرەستەی ڕاگەیاندن و ماڵپەڕەکان و دەگاتە ئەو رادەیەی ئەو ئەدیب و هونەرمەندانەی پێویستیان بە یارمەتی و لا لێکردنەوەو چارەسەرە پەشیمان بنەوە!


دەکرێ لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیرییەوە هەموو ئەو ئەدیب و هونەرمەندە بێ لانەو فەرامۆشکرانەی پێویستیان بە هەر جۆرە چارەسەرێکە دەستنیشان بکرێن و حکومەتیش هاوکاری پێویستیان بکات! چونکە رۆژێ لە رۆژان بەهۆی کاریگەری نوسین و گۆرانی و تەمسیل و نمایشەکانیانەوە دەستنیشانی دەردە کۆمەڵایەتی و دیاردە جۆراوجۆرەکان و خراپ بەکارهێنانی دەستەڵاتە خۆجێیەکانەوە کراوە دەستەڵات هاتۆتە سەر هێڵ و خواریەکانیان پێ راست کراوەتەوە! بەمەش چارەسەری کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسیەکانیان کراوە، بۆیە وەکچۆن لە رابردوودا ئەدیب و هونەرمەندان بەهۆی بابەت و بەرهەمەکانیانەوە دەردە کۆمەڵایەتی و کێشە رامیاری و ئابووری و فەرهەنگیەکانیان فەرامۆش نەکردووەو خستبوویانەتە سەر کاغەز و ناو کتێب و سەر شاشە و تابلۆکان ئێستاش جێی خۆیەتی یەکە کارگێڕیەکانی ناوەندی شارەکان و حکومەتی هەرێم لە رێگای وەزارەتی رۆشنبیرییەوە ئەو ئەدیب و هونەرمەندە فەرامۆشکراوانە فەرامۆش نەکەن،

# سلێمانی

## ستار ئەحمەد



زۆر لەمێژە
سیمای شار
هەر بەم جۆرەیە
شانشین و میرنشینی
دەستەو دەستە بەنۆرەیە
بەڵام ئەم چیایەک سەربەرزە
چۆک دانادا بۆ هیچ کەسێ
سلێمانی فیردەوسێکە
نووری خودای لێ هەڵدەستێ
چاوگی ئەدەب و هونەرە
شاری پاکی و قوربانی دان
مانگی ئاسمانی جیهانە
تروسکەی خۆری کوردستان
سلێمانی نەوبووکێکە
باوانی هەموو کوردانە
شارێکە هەرگیز نابەزێ
ئاڵای بەرزی کۆڵنەدانە
لەدیمەنا وێنەی نییە
جوانی دونیای پێدراوە
سلێمانی بەهەشتێکە
بە گوڵ نەخشەی کێشراوە
کەلێی دووربم بێزار دەبم
بەحاڵ هەناسەم بۆ دەدرێ
سلێمانی زۆر پیرۆزە
بەشیعرێک پێناسەی ناکرێ.





# ڕێزی بەهرەکانت بگرە

## وەرگێڕانی: عومەر مەحمود پیرۆت

میوزیک ژەنێکە لە دەروازەی وێستگەیەکی میترۆ لە واشنتۆن ڕاوەستاوە و ئامێری کەمانچە دەژەنـێ .
بۆ تاقیکردنەوەیەکی کۆمەلایەتی بەکامێرا چاودێری دەکـرا.
ئەم ژەنیارە بۆماوەی( ٤٥ )خولەک چەند پارچە مۆزیکێکی چەند ناودارێکی جیهانی ژەنی .
لەم ماوەیەدا نزیکەی زیاتر لە هەزار کەس بە بەردەمیدا ، تێپەڕین بەرەو شوێنی سوار بوونی میترۆ .
لە ماوەی( ٤٥) خولەک لەژەنینی مۆسیقا تەنها( ٧) کەس لەوانەی لەوێوە تێپەڕین ، بۆگوێگرتن لەمۆسیقاکەی هەلوێستەیان کردو کەمێک ڕاوەستان .
هەندێکیشیان بۆ ژەنینەکەی پارەیان پێدا .
لەکۆتاییدا( ٣٢) دۆلاری لەماوەی( ٤٥) خولەکدا کۆکردەوە.
بەلام ئەوەی جێی سەرنجە ، ئەم ژەنیارە (Josha Bell ) ە کە یەکێکە لە ناودارترین مۆزیک ژەنە جیهانیەکان . ئەو ئامێرە کەمانچەش لەدەستیدایە نرخەکەی( ٣٫٥ ) سێ ملیۆن و پێنجسەد هەزار دۆلارە.
چەند ڕۆژێک پێش ئەم هەلوێستە ئاهەنگێکی گێڕا کە تەواوی هەموو تیکتەکانی فرۆشرا . نرخی یەک تیکت (١٠٠ ) دۆلار بوو.
قسەکە ئەوەیە:
ئەم پیاوە بەهرەکەی خۆی لەشوێنێکدا پێشکەش کرد کە گونجاو نەبوو .
خەلکیش ئەو بەهرەیان پێ وەرنەگیرا کە بەخۆڕایی پێشکەشیان دەکرێ .
کەواتە :
ئەوە سروشتی کۆمەلگایە ئیتر .
گەر بەهرەیەکت هەیە ، ڕێزی بگرە و هەرزان فرۆشی مەکە.
خەلکی ڕێز لە شتی بێ بەرامبەرو خۆڕایـی ناگرن .



# هەناسەی سەربوردەی تەمەنێک

## ستار محەمەد



دەمەوێت منالانی گەڕەک
ماچ بکەم
مەشغولی گواستنەوەی مالەکەمم
لەم دووری و دۆستییە
قازانجێکم نەکرد
ئاشکرابوونی دۆست و دوژمن
لە بولێلی کازیوەدا
جوان جوان ئاشکراو شاهید دەبن
نەک منالانی گەڕەک چونکە
منال و پاسارییەکان هەرئێوارە
دەچنەوە کولانەکانیان
گریان و ئۆخەی دراوسێکانم کاتێ ئاشکران
مالەکەم لەسەر کۆلمە
گریان دوا ئۆقرەی دلدانەوەی ئاوازێکە
کەنۆتەی ئەو چک چکانەیە
مەرکانەی دل دەیپالێوێت
لەوەتەی گەورەبووم
ئاوازێکی پێکەنین نەدلی خۆم و
نەدلی قەیرەکچێکم بۆ ناژەنێ
خۆشترین دلداری ئەو دلدارییەیە
کەدەرگا بەدەرگاو
موچەی ژوانێک لەیەک پەنجەرە وەربگرن
دەستگێڕەکە کەدێت دەزانیت
ئێوارە چی دەخۆن بەمەراقەوە
لەتەنافەکە ئاشناتردەبیت بە
کراس و ژێرکراس و
ڕەنگی ستیانەکەوە
دراوسێتی وەک میوە ڕەش و سپی
فلیمەکان نییە
وەک ئاگابوونی نەخۆشێکە کە
شاعیرێکی نەخۆش
شیعرێکی بۆ دەنووسێت..
نەخۆشی هەر لەقەیرەکچ دێت
بەنەخۆشبوونیش مالەکەی پرژو بلاو نییە
هیچ گرێی بوخچەیەکی
نەکراوەتەوە
بوخچەکانی دلی بە پیاوێکدا
هەلواسیبووە
گوێت لەنالەو هاوارێکی
بالقبوونی نابێت
وەک بالقبوونی کۆترێک نییە کە
بەیەکەم گمەی بێت
کۆترم دیوە لە گەڕەکی خۆمان کە
بالق دەبێ
دەچنە کۆتا تێلی دارتەلەکان و
ڕوو دەکەنە دایک و باوکیان و دەلێن:
بالقبوون ئەو متمانەیە بلێی:مالیکە نەفسم
بریارە کۆتر ئەوەیە کە
ژن بەژن بەخوشکەکان نەکەن
لەتەفسیری کۆتردا هیچ کۆترێک بە خوشک و
براکانی نالێت: تکایە دادە مەرۆ!!!
مەرۆش بەشەرعێکی هەلە مانای
قەیرەبوونە، قەیرەبوون
قەیرەبوونی کچێک دەمکوژێ.

—

وێنەکەش ئەو هەوارە دلگیرەمە کە
فریشتەکان هەمیشە لەوێ چاوەڕێمن.


# فڕین

هازە بەرزنجی

وەرە بەیەکەوە
بفڕین بەرەو
جیهانی خەونەکان
ئەوێ نیشتیمانی
من و تۆیە لەوێدا
ڕەنگ زۆر جوانتر
دەدرەوشێتەوە
عەشق زیاتر
باڵادەکات دڵەکان
دەگەشێنەوە وەرە
لەگەڵما باڵ لێکدە
ئامادەم لەپێناوی تۆ
ئەم جیهانە وێران
بکەم دڵی هەرچی
ناحەز هەیە
دەری بهێنم وەرە
بەیەکەوە بفڕین

بەرەو دنیایەکی جوانتر
زیندانی شار بەجێبهێڵین
بەرەو سرووشتێکی
فراوانتر لەوێماڵێک
لەچلەڕیحانە چێکەین
لەباوەشی گەڵادا بخەوین
لێوەکانمان بە ئاونگی
بەیانییەکی هێمن وفێنک
تەڕکەین ! لەگەڵ بێچوە
مامزێکدا یاری کەین
لەگەڵ ماسی ڕووباردا
خۆمان بشۆین لەگەڵ
ماسی ڕووبارێکدا
خۆمان بشۆین لەگەڵ
قاسپەی کەوەکاندا
گۆرانی بۆخۆمان بڵێین
چیرۆکی ئەم عەشقەپاکە
بەئەشکەوت و شاخ بڵێین

# دوو ناونیشان

## ئەحمەد حەمەساڵح



ناو نیشانی یەکەم:
کە لە شاخ بوون
لەگەڵ ئەوەی ناتەبابوون
بەخوێنی یەکتر تینوبوون
دەمێ لەم بەر دەمێ لەو بەر!
دەمێ لەم دیو دەمێ لەو دیوو !
کەچی هێشتا
لای زۆرینە خۆشەویستبوون
بەئەدەب و ڕەوشت بەرزی
دەم و دەست و داوێن پاکی
مەرجی ئەندامێتی
هەڤاڵان و هاوڕێیان بوو
* * *

لەنێو شۆڕش و بەرخودانداا
لەخەباتی نەهێنی و ئاشکرادا
ئەدەب دۆستی و هاوڕێی کتێب
خوێندنەوە و هاوڕێی پێنووس
بەرزی ئاستی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری
جیاکەرەوەی ئەم و ئەو بوو
ناونیشانی دوەم:
کە هاتنەوە
هەنگاو هەنگاو
بازنەی نەرێنییەکان فراوان بوون
هەرچی هەبوو لە
شانازی و پێوەری پایە بڵندی
هەرچی هەبوو لە
ئەخلاق و ناسنامەی شکۆمەندی
شۆرانەوە و سڕانەوە
بیرکران و بیرچوونەوە
لە لێزانی هۆنینەوەی درۆکاندا
لە لێزانی ڕەدوکەوتنی دۆلاردا
لەچاوساغی و بەش بەشێنەی ناوچەکاندا
لە خۆسەپێنی و شکانەوەی شکۆی تاکدا
ئێستا پێوەری هەڤاڵبوون و هاوڕێبونتان
ئێستا ناسنامەی ناسینەوەی باشترینتان
لێزانەبوونە لە قاچاغی
بە هێزبوونە بە هێزی تاقمگەرایی
هۆ سیاسەتباز و خۆژێنەکانی ئیمڕۆ
پێشبڕکێیە، پێشبڕکێ
کێ خاوەن هێز و بازرگانێکی لێزانە
کێ خاوەنی زۆرترین کۆشک و باڵەخانە و ڤیلایە
کێ لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێمەکە
خاوەن زۆرترین سەرمایە و کۆمپانیایە
کێ خاوەنی قومارخانەو ...
کێ خاوەنی مەلهەخانەو...
کێ کوێڕایەڵتری دەرەکی و...
کێ چاوساغتری دوژمنانە...
هۆ هەڤاڵان و هاوڕێیانی درۆ و دراو
یاساشکێن و خوڵقێنەری قەیرانەکان
لە نائەخلاقی و ناویژدانی بوونتانەوە
ئێستا زۆرینەتان، لە شکرێکن لە سیاسەتبازانی
خۆژێن
گەنە ئاسا بە جەستەی خاک و خەڵکەوە نووساون.

# ئادەم و لەیلاو سوپاسی تایبەت

ن: م ڕێزان شەریف محمد



جارێک لە شارۆچکەیەکی بچووک  کوڕێکی دڵخۆش بە ناوی ئادەم و خوشکە بچووکە میهرەبانەکەی بە ناوی لەیلا هەبوون.  لەگەڵ دایک و باوکیان لە ماڵێکی ئارامدا دەژیا، کە زۆریان خۆشدەویست.

هەموو بەیانیەک دایکیان  زوو لە خەو هەڵدەستا تا نانی بەیانیان بۆ دروست بکات.  جانتای قوتابخانەکانیان کۆدەکردەوە و بیریان دەخستەوە کە کاتێک سارد بوو چاکەتەکانیان  لەبەر بکەن.  باوکم بە پێ دەیانبردە قوتابخانە و لە ڕێگادا نوکتەی کۆمیدییان بۆ دەگێڕایەوە.  هەندێک جار، گاڵتەجاڕیەکانی ئەوەندە زۆر  بوون کە ئادەم و لەیلا  پێدەکەنین تا سکیان ئازاری دەدا!

بەیانییەکی شەممە، ئادەم و لەیلا لە خەو هەڵسان و یاداشتێکیان لەسەر مێزی چێشتخانەکە دۆزیەوە.  نووسیبووی؛

ئادەم و لەیلای  ئازیز،

ئەمڕۆ ڕۆژی پشوودانی دایە و بابە

ئێمە لە باخچەدا دەبین.

خۆشەویستی، دایە و بابە

ئادەم  سەری خۆی ئەخوراند

- ئەوە مانای چییە؟  پرسی.

لەیلا  پێکەنی.  (پێموایە مانای ئەوەیە نۆرەی ئێمەیە ئاگاداریان بین)

بۆیە ئەو دووانە دەستیان بە کارەکانیان کرد.  ئادەم چای بۆ دایکی برد و بسکیتێکی لە لایەکەی زیاد کرد.  لەیلا وێنەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگی کێشا کە لەسەری نووسرابوو "خۆشمان دەوێیت!  بە پیتی بریقەدار.  پاشان، ژوورەکانیان ڕێکخست، جل شۆردنەکەیان تاودا ،مێزەکەیان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ دانا.

لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا، ئادەم و لەیلا دایک  و باوکیان بانگهێشت کرد بۆ ژوورەوە.

مێزەکە پڕ بوو لە پاروو  و میوە و شەربەت.  دایکم زەردەخەنەی فراوانی کرد و باوکم باوەشێکی گەورەی بە هەردووکیان کرد.

لەیلا وتی: ویستمان بڵێین سوپاس.

ئادەم  زیادی کرد ووتەکانی : بۆ ئەوەی ئێمە  لە خەو هەڵدەستێنی ، نانی بەیانیمان بۆ دروست دەکەیت  یارمەتیمان دەدەیت  لە ئەرکەکانی ماڵەوە، چیرۆکی پێش خەوتنمان بۆ دەگێڕیتەوە و هەموو ڕۆژێک.

دایکم فرمێسکێکی خۆشی لە چاوی خۆی سڕییەوە.

دایکی باوەشێکی پێدا کردن و ووتی ئێوە گەورە بوون تێدەگەن !

لەیلا وتی: بەڵام ئێمە ویستمان.  - چونکە تۆ زۆر شت بۆ ئێمە دەکەیت.

\لەو ڕۆژەوە ئادەم  و لەیلا  بیریان هاتەوە کە زۆرتر بڵێن سوپاس، گوێیان لێ بگرن کاتێک دایکم و باوکم قسەیان دەکرد و هەرکاتێک بتوانن یارمەتیان بدەن.  فێربوون کە نیشاندانی ڕێز تەنها قسەی بەئەدەب نییە – پەیوەندی بە گرنگیدان و یارمەتیدان و میهرەبانییەوە هەیە.

وە دایکم و باوکم هەستیان بە شانازی دەکرد، دەیانزانی منداڵەکانیان گەورە دەبن و دەبنە کەسێکی بیرمەند و خۆشەویست.

# ناتانیاهۆ: هێرش بۆ سەر ئێران دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ"

بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند "هێرشێکی سەرکەوتوو بۆ سەر ئێران کاریگەری دەبێت لەسەر ئەوەی لەغەززە ڕوودەداتو ڕەنگە ببێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ".

بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، هێرشکردنە سەر ئێران دەتوانێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی "ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ"، جەختیشی لەوە کردەوە کە واشنتۆن زانیاری پێشوەختەی لەسەر هێرشەکەیان بۆ سەر ئێران هەبووە.

ناتانیاهۆ ئاماژەی بەوەدا کە هێرش بۆ سەر تاران پێویست بوو "چونکە پێویستە ڕێڕەوی کۆکردنەوەی سەربازی ئێران بگۆڕدرێت، چ چەکی بالیستی یان ئەتۆمی"، هاوکات ئاماژەی بەوەدا کە "پشتیوانی ئەمریکا، یان لانیکەم نەبوونی دژایەتی ئەمریکابۆ ئەم هەنگاوە، زۆر خوازراوە".

نەتانیاهۆ پێشبینی ئەوەی کرد کە تاران بە"شەپۆلێک هێرشی زۆر بەهێز" وەڵامی ئیسرائیل بداتەوە، ئەو وتی "ئێران ناتوانێت خاوەنی چەکی ئەتۆمی بێت و ناتوانێت خاوەنی تواناکانی پیتاندنی یۆرانیۆم بێت".

وتیشی "نازانێت ئەم دۆخە تا چەند بەردەوام دەبێت".

نەتانیاهۆ جەغتی لەوە کردەوە کە تیرۆرکردنی حەسەن نەسروڵا خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی ناوچەکەداو میحوەرەکەی ئێرانی شکاند، بۆیە تاران بەرەو بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی هەنگاوی ناو بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیکی خێراتر کرد. نرخێک بۆ هێرشی ئێران دەبێت، بەڵام ئێمە ئامادەکاری دەکەین بۆ کەمکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمی.

سایتی ئاوێنە






# موفتی پێنجوێنی

ناوی تەواوی موفتی پێنجوێنی (مەلاعەبدوڵڵای کوڕی مەلا کەریمی بێستانەیە) ، بە مەلا عەبدوڵڵای توتنچیش ناسراوە.

موفتی لە ساڵی (1881) ی زاینی کەهاوتەریبە بەساڵی (1331) ی کۆچی لەدێی بیستانی سەربە شارەدێی گەرمکی شارۆچکەی پێنجوێن لەدایکبووە.

نازناوی هۆنراوەی موفتی کەدراوەتە مەلا عەبدوڵڵای توتنچی پێنجوێن لەلایەن مەلای گەورەی بیارە مەلا عەبدولقادرەوە بووە، کەبەناوی مەلا عەبدوڵڵای موفتی ئەوسەردەمەی شاری سنەوە ئەو نازناوەی پێداوە.

موفتی هەربەمنداڵی باوکی کۆچی دوایی کردووە و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا لە خزمەت مەلائەحمەدی براگەورەی دەستی بەخوێندنکردووە، کە ئەویش خاوەنی دیوانێکی هۆنراوەییە بەناوی دیوانی شەفیق.

موفتی وەک خۆی لەنووسینەکانییدا ئاماژەی بۆ کردووە کە لە تەمەنی (22) ساڵیدا خێزانی پێکەوەناوە کە دەکاتە ساڵی (1903) ی زاینی، ئەو لەشێوەدا کەسێکی باڵاکوورتی ڕەشئەسمەر و قسەخۆش وخۆش مەشرەب بووە، هەروەها خاوەنی دڵ و دەروونێکی بێگەردو فراوان بووە، و هەمیشە پێیی خۆشبووە.نانێکی هەبوبێت لەگەڵ خەڵکیدا بیخوات.

لە ساڵی (1936) یەکەم هۆنراوەی موفتی لە ڕۆژنامەی (ژیان) دا بڵاوبووەتەوە و لەوساڵەوە تا ساڵی (1950) بە بەردەوامی بەشداری هەبووە.کە ساڵی لە دنیادەرچونی پیرەمێردی شاعیربوو، هەروەها جگەلەبڵاوکراوەکانی ژیان، گەلاوێژی نوێ لە ڕۆژنامەی کوردستان وگۆڤاری هەڵاڵەی سەردەمی کۆماری مەهابادیش هۆنراوەکانی بڵاوکراونەتەوە.

لە ساڵی (1951) دا لەئێزگەی کوردی بەغدا هۆنراوەی (گەورەیەک) ی موفتی پێنجوێنی خوێنراوەتەوە کە ئەو کات لەلایەن خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵای حاجی محەمەدی قوربانییەوە نێردراوە بۆڕادیۆکە، هەرچەندە هۆنراوەی (فلس) یشی بۆناردبوون بەڵام بەخوێندنەوەی ئەو ڕازی نەبوون و ئەویان نەخوێندەوە.

لە دوای حەوت ساڵ بەسەرکۆچییدا واتا ساڵی (1959) یەکەم دیوانەهۆنراوەی بڵاوکرایەوە.

ساڵی (1939) یەکەمین نووسین دەربارەی موفتی وهۆنراوەکانی نووسراوە لە پەرتووکی (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم) کە لەلایەن عەلی باپیرئاغاوە نووسراوە و کوورت وپوخت پێناسەیەکی پڕبەپێستی موفتی کردووە و دەڵێت (موفتی زۆردەوڵەمەندە لەتەبیعەت وئەخلاقدا، و زۆریش هەژار ونەدارە لەسەروەت وتفاقدا) ئەم شاعیرە نازدارەی کورد پەیوەندییەکی ئەدەبی زۆر باشی لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیدا هەبووە، ولەنێویشیاندا کەزۆرترین پەیوەندی وبینین ودیدارییان هەبوبێت قانعی شاعیری چەوساوەکان بوە، بەداخەوە جگە لەوەی کەبەشێک لە هۆنراوەکانی موفتی فەوتاون وتیاچون، زۆرێکیش لە هۆنراوەکانی کەنووسیبوونی لە ساڵی (1962) دا کەحەرەس قەومییەکان هاتن وبەشێکی زۆری شاری پێنجوێنیان سووتاند هۆنراوەکانی ئەمیش بوونە سوتوی ئەو کارەقێزەون ونامرۆڤانەیەی ئەوسای حەرەس قەومییەکان.موفتی جگە لەوەی کە بە شاعیرێکی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی نێوبانگی دەرکردووە دەشکرێت بە یەکێک لەو شاعیرانە ناوزەندبکرێت کەپێیان دەوترێت شاعیری تێکشکێنەری داب و نەریتە نامۆوباوەکانی ئەو کاتی نێوکۆمەڵگەی کوردەواری.

. موفتی ژیانی لەپێنجوێن بردۆتەسەرو بەدوکانێکی بچکۆلەی جگەرەفرۆشیەوە سەرقاڵبووە.هەندێک جاریش کچەکەی (ڕابیعەخان) هاوکار و یاریدەدەری بووە و دوکانداری بۆ کردووە، وەک خۆی لە هۆنراوەیەکیدا کە ساڵی (1946) نووسیویەتی دەڵێ؛

کچێکم هەیە لە پۆلی سێیە
خوشکی هەنار و لیمۆ و بەهێیە
هەتا نیوەڕۆ خوێندەوارمە
لەپاش نیوەڕۆ کاسپکارمە


موفتی لەناوەڕاستی ساڵی (1952) نەخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنێ وبەهۆی سەختی نەخۆشییەکەی لە ڕێکەوتی (15 -6 -1952) بەیەکجاری چاوەکانی لێکدەنێ وماڵاوایی لە ژیان وهۆنراوە دەکات، هەرچەند خۆی لەچوارینەیەکیدا دەڵێ؛

ئەگەر مردم تکایە گردی سەیوان ماڵ وقەبرم بێ
گەڵای ئەوداره جوانانە لەجێی سابات وکەپرم بێ
تکاکارم لەئاخردا لەقاپی حەزرەتی یەزدان
لەگەڵ یارانی هاودەم، هەرئەوێ مەیدانی حەشرم بێ

بەڵام بەهۆی ئەوەی لەدواتردا بەم چوارینە زانرا نەتوانرا وەسییەتەکەی وەک خۆی داوای کردبوو جێبەجێ ببێت، بۆیە تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ پێنجوێن لەگردی حاجی شێخ بەخاک سپێردراو ئەوێ بووە دوامەنزڵ وئارامگای شاعیر. عەبدولڕەحمان عەلی ڕەزا.

موفتی پێنجوێنی، باشتر وایە کە بڵێین؛ مەلا بابی، یان مەلا کافر، لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی خۆیدا مەلا وهەندێک لە موسڵمانانی پێنجوێن و دەوروبەری، موفتیان بەم نازناوە بانگ کردووە، وەک بێ ڕێزی کردن و جنێودان بەو، لەبەر ئەوەی کە موفتی نوێژی نەکردووە و نەچووەتە مزگەوتو کەسێکی یاخی و تازەگەربووە، سەرەڕای ئەوەی کە کچەکەی خسووەتە قوتابخانە لەگەڵ کوڕاندا هەروەها وەک کاسبکارێکیش کاری کردووە دوانیوەڕوان لەگەڵ خۆیدا لە دوکانەکەی. بەم جۆرە، موفتی بەگژ بیری دواکەوتوی ئیسلامییەکانی ئەوسەردەمەدا چووەتەوە و کەسێکی یاخی و تازەگەر بووە لە هەڵسوکەوتو هۆنراوەکانییدا.

مەبەست لە وشەی بابی، دینی بەهاییە، کە لە کوردستان پێی وتراوە؛ دینی بابی، هەر کەسێکیش پەیڕەوی دینی ئیسلامی نەکردایەت لەو سەردەمەدا یان ئەگەر کەسێکی پێشکەوتوخواز بوایە بە بابی ناویان دەبرد، بە موفتیش وتراوە؛ مەلا کافر، مەلا ئاگرپەرست یان مەلا بابی.





ئەو سەردەمەی موفتی تیایدا ژیاوە خوێندن لە قوتابخانەکاندا نەبووە و هەر کەسێک ویستبێتی بخوێنێت، لە مزگەوتەکاندا خوێندویەتی و پاشان نازناوی مەلای بەسەرا سەپێنراوە، بەڵام موفتی هەرگیز کاری مەلایی نەکردووە و بە ڕەنجی شانی خۆی ژیاوە.

مەلایی و خوێندەواری خورەوشتی خۆم و باوانمە
کەچی من ئارەزوی نان و ژیانی وەک مەلا ناکەم

دایکم؛ کچی موفتی پێنجوێنی، بۆ یارمەتیی دانی باوکی فێری جگەرەکێشان بووبوو، هەتاوەکوو یارمەتیی باوکی بدات لە جیاکردنەوەی جۆری توتنەکان، بۆیە هەتا کۆچی دوایی کرد ئێواران جگەرەیەکی دەکێشا، هەر بەدەم جگەرەکێشانەوە سەدان جار بەخەمو پەژارەوە باسی ئازار و ئەشکەنجەی خۆیی و خێزانی موفتی بۆ دەگێڕاینەوە بەدەست ئیسلامییەکانی ئەو سەردەمەوە. زۆرجار، زستانان، لەدەوری سەماوەر، دوای نانخواردن، جگەرەیەکی دادەگیرساندو نەفەسێکی قوڵی لێ دەدا و نیگای دەفڕی بۆ بیرەوەرییە تاڵەکانی، زۆر جاریش ئەم بیرەوەریانەی بەفرمێسکەوە بۆ دەگێڕاینەوە؛

-بەخوا ڕۆڵە هەر داخو زوخاو کوشتی، ئەو کاتە منداڵ بووم، بەڵام باش بیرم دێت؛ نەمان ئەوێرا بچینە دەرەوە، زیرەمان کردبو، منداڵان بەردبارانیان دەکردین، پەنجەرەی ماڵەکەیان دەشکاندین لە کۆڵانان دوامان دەکەوتن و بەردبارانیان دەکردین پێیان دەوتین؛ کچی مەلابابی، کوڕی مەلا کافر. بێگومان منداڵ چوزانێت بابی چییە، گەورەکان فێریان دەکردن، لەبەر ئەوەی خۆیان نەیاندەوێرا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی خۆی ببنەوە، شەرمیان لێ دەکرد، بۆیە منداڵانیان لێ ئەهروژاندین؛ ئەوسەردەمەش سەردەمی جیهاد نەبوو دەنا هەر زو موفتیان دەکوشت.

لە گەڕەکەکەماندا چەند ماڵێکی جوولەکەش هەبوون، کە زۆر ڕێزیان لە موفتی دەگرت، ئەوانیش لە هەمان دژواریدا دەژیان، بۆیە لە موفتی تێ دەگەشتن. لە جەژنەکانیاندا هەمیشە سینییە خواردنیان بۆ دەهێنایین. بیرم دێ کچێکیان ناوی گورجی بوو، کەدەچون بۆ کانی بە گۆزەڵەکانیانەوە، منداڵان گاڵتەیان پێ دەکردن و قوڕیان دەکردە ناو گۆزەلەکانیانەوە، ئەوانیش دەیانووگوت؛ باوکیان بەو باشیەو دایکیان بەو باشیە، خۆیان دەڵێی سەگن و لەسگ بوون.

قانیعی شاعرو هاوەڵیشی جارجار لە شارەزورەوە دەهات بۆ سەردانی، ئیتر شەو تا درەنگانێ پێکەوە دادەنیشتن. قانیع، کەسێکی قسەخۆش بوو، بە کوردییەکی پەتی شارەزوری دەدوا، بیرم دێت ئێوارەیەک چومە بەر سەماوەر بۆ چایی لێنان، وتی؛ کە کچ هاتە بەر سەماوەر یانی وەختی شوم هاتگە.

قانیع، گوێی نەئەداێ، جارەجارە دەچووە سەر بەردە نوێژەکان، یان دەچووە مزگەوت خۆی پیشانی خەڵکی ئەداو لەگەڵ ئەوان نوێژی دەکرد، هەرچەندە باوەڕی بە خوا نەبو، بەڵام لەبەر ئەوەی نوێژی دەکرد و دەچو بۆ مزگەوت خەڵکی ڕێزیان لێ دەگرت، بەڵام باوکم کە لە ڕەقو یاخی بوو، نەی دەکرد، بۆیە ژیانمان لێ تاڵبوبو.

خۆ خوا خۆشی دەزانێت کە موفتی چەندە کەسێکی بەبەزەیی بوو، هێندە ڕێزی لە ژیان دەگرت تەنانەت کە کاتێک بەڕێگادا دەڕۆشت ئاگاداربوو نەوەکا بەسەر مێروولەیەکدا بڕوات و بیکوژێت. کەسێکی دڵسۆز بوو بۆ کۆمەڵگەکەی، هەمیشە یارمەتیی خەڵکی دەدا، نیشتمانپەروەربو، ڕیزی لە ماڵ و منداڵی دەگرت، هێندە هاوسەرەکەی خۆشدەویستو ڕیزی لێ دەگرت، هەرگیز نەم دەبینی دەنگی بەرزبکاتەوە لە بەردەمیا. ئەو ڕۆژەم هەرگیز بیرناچێتەوە کەزستان بوو، بەفر ئەباری، هاتمەوە لە قوتابخانە چوم بۆ دوکانی باوکم، هەڵئەلەرزیم لەسەرما، کەبینیمی هەر خێرا گرتمیە باوەشی و بردمیە بەردەم زۆپاکە، کەبۆم باس کرد لە قوتابخانە زۆپامان نییە و سەرمامانە، هەر خێرا بۆ ڕۆژی دوایی هۆنراوەیەکی پێدام کە لە قوتابخانە لە ڕیزدا بیخوێنمەوە، ئیتر لەو ڕۆژەوە، هەموو هەفتەیەکیش بارێ داری دەنارد بۆ قوتابخانەکەمان هەتاوەک و منداڵان سەرمایان نەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا خوا دەیزانی چەندە دەستکوورت بوین ئەو سەردەمە، بەڵام کەسیکی زۆر بەبەزەیی بو.



ماموستای گەورەم دڵسۆزی خاکم
بەڕاستی لەتاو سەرما هیلاکم
بەفر باریوە دنیا بەستویە
لاشە وێنەی مار سەرما گەستویە
لەنوکی قاچم تاسەر ئەتەزم
هەروەکوو گونی هەلاج ئەلەرزم

سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود، کاتێک شێخ مەحمود بە خۆیی و لەشکرەکەیەوە هاتبووە.دەوروبەری پێنجوێن، هەر خێرا موفتی کەوتە پارە کۆکردنەوە و یارمەتیی بۆ شیخ مەحمود، حکومەت بەم کارەی زانیبو، بۆیە بە پەنجا دینار جەزا دراین، خەممان لێ هاتبوو چونکە پەنجا دینار سەروەتێک بوو ئەو سەردەمە، ئیتر باش بوو هێندەی نەبرد هەر بە هەرەشەی شیخ مەحمود خۆی، جەزاکەیان سڕیەوە. ئەو ڕۆژەشم هەرگیز بیر ناچیتەوە چونکە من یەکەم کەس بووم ئەو خەبەرەم برد بۆ دایکم کە حکومەت لە جەزاکەی خۆشبووە.

بیرم دێ کە سەردەمی ڕووخانی شۆڕشی مەهاباد بوو، مام هەژاریش هەڵهاتبوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە سلێمانی بەدوای کەسێکدا دەگەڕا هەتاوەک و شوێنێکی بۆ بکاتەوە بۆ نووستن، هات بۆ لای ئێمە لە سلێمانی، ئێمەش ئەو کاتە بەهۆی بوومەلەرزەکەی پێنجوێنەوە بۆ ماوەیەک پێنجوێنمان جێهێشتبوو لە سلێمانی دەژیاین و ژوورێکیان بەئامانەت دابوینێ هەمومان تێی خزابوین، جێگەمان نەبوو لە ژوورەکەد شوێنی ئەو بکەینەوە، بۆیە باوکم چو بەدەمیەوە و کەسێکی دڵسۆزی بۆ دۆزیەوە. ئیتر بڵێم چی ڕۆڵە ئەو شاعیر و کەسە ڕۆشنبیرانە هەمیشە لە ژیانی کولەمەرگیدا ئە ژیان.

تێگەیشتو هەر ئەناڵێنێ لەژێر باری خەما
بێ مەراقی بۆ کەسێکە سەرسەری و دێوانە بێت

بەدەم گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانییەوە، دایکم، نەفەسێکی تری لە جگەرەکەی دەدا و بە فرمێسکەوە بەسەرهاتەکانی بۆ تەواو دەکردین.

ئیتر باس باسی موفتی بوو، سنووری پێنجوێنی تێپەڕاندبو، لە لادێ دورەکانی پێنجوێنیشەوە باسی بێ دینی ئەویان دەکرد، کە چۆن توانیویەتی، نەک منی وەک کچێک خسووەتە قوتابخانە، بەڵکوو خستوبوومیە قوتابخانە لەگەڵ کوڕاندا، کە بۆ ئەو سەردەمە کارێکی نابەجی بوو، وەک دیاردەیەکی یاخی بوون و جیابوونەوە لەوان دەبینرا، سەرباری ئەوەش، دەچومە سەر دوکان وەک دوکاندار یارمەتیی باوکم ئەدا.

بۆیە مەلایەک نامەیەکی هۆنراوەی بۆنارد بە ناوی مەلا قادری ئاردمەردە لەسەر ئەم باسە؛

چەند دێڕێکی هۆنراوەی هۆنراوەی مەلا قادری ئاردمەردە بۆ موفتی؛
فیستیڤاڵی موفتی پێنجوێنی لە پێنجوێن
داخی بەجەرگم ئاخر زەمانە
نیشانەی چاکی ڕو لەنەمانە
وەکو بیستومە لای ئێوە کچان
ئەچن بۆ قوتابخانە بە ئابڕو تکان
زۆری نەماوە کە قەهری یەزدان
ئاگر بارێنێ لە جیاتی باران

وەڵامی موفتی؛
ئەوانیش وەک تۆ ئەدەمیزادن
شەریکی پیاون حورو ئازادن
ژنی وڵاتان بوون بە کاربەدەست
تۆش ئەمر ئەکەیت بخرێنە قەفەس
عالەم بە سەنعەت چون بۆ ئاسمان
تۆش تازە ئەگریت بۆ ئاخر زەمان

ئەو سەردەمەی ئەو بەرگری لە ئافرەتو مافی ئافرەت دەکرد کەس ئەو باسانەی نەدەهرووژاند و موشکیلەی خەڵکی نەبوون؛

کچانی لادێ هەنسە سەردن
وەک بەهار ئەروێن وەک پایز زەرد

موفتی نەک هەر بە هۆنراوە باسی دەکرد بەڵکوو لە ژیانی ڕۆژانەشیدا بەکردار پەیڕەوی دەکرد، بەهۆی ئەمەوە هەر بەتەواوی خەڵکی پێنجوێن و دێهاتەکانی لێ هروژاندبوین. ئیتر پاش ماوەیەک ژیانمان بەڕاستی کەوتبووە.بارێکی ترسناکەوە بەتایبەتیی بۆ ئێمە کە منداڵ بوین، باوکیشم ئاگاداربوو لەوە و زۆر خەفەتی پێ دەخوارد، بەتایبەتیی خەمی ئێمەی بوو.

کچم عاجز مەبە کە پێت دەڵێن بابی
کەرە خۆیی و نەتەوە و بابی

ئیتر دەبوایە چارەسەرێک بدۆزینەوە چونکێ نەماندەتوانێت بەو جۆرە بەردەوام بین لە ژیان. ئەوەبوو قانیعی هاوڕێی هات بۆ لای و شەوێک تا نیوە شەو پێکەوە دانیشتن، وادیاربوو قانیع ڕازی کردبوو کە بچێت ئەویش وەک ئەو جارەجارە بۆ مزگەوت نویژ بکات و خۆی پیشانی خەڵکی بدات، هەتاوەکوو ماڵو منداڵەکانی بێزار نەکەنو بە ئاسوودەیی بژین.

ئەو ڕۆژەم هەرگیز بیر ناچێتەوە کە بە بەردەم مزگەتەکەدا تێ پەڕیم، دوانیوەڕۆ بوو، بینیم کە باوکم لەگەڵ قانیع و ئەو خەڵکەدا نوێژدەکا، ئیتر ئاسوودەبووم و لەدڵی خۆمدا وتم؛ ئیتر منداڵان بەردمان تێ ناگرن و گاڵتەمان پێ ناکەن، بێگومان دەمزانی لەبەر دڵێ ئێمە ئەوە دەکات ئەگینا هەرگیز شتی وا لەو نەدەوەشایەوە.

پاش مردنی موفتی، مەلاکانی پێنجوێن بەردەوام دەبن لە هاندانی کوڕەکەی و خێزانەکەی هەتاوەکوو وەک خۆیان دەڵێن؛ گوناحی موفتی بسڕنەوە، بەتایبەتیی هاندانی کوڕە بچوکەکەی، هێندە خەتاباری دەکەن کە گوایە باوکی لەوە و دنیا ئەشکەنجە دەچێژێت بەهۆی ئەوەی کە نوێژی نەکردووە و بەپێچەوانەی ئیسلامەوە هەڵسوکەوتی کردووە.

ڕۆژێک کوڕە بچوکەکەی لەسەر گۆڕی باوکی لەسەرقەبران گوێی لە دەنگەدەنگێک دەبێت وەک ئەوەی کە کەسێک بەدەم ئازارەوە بناڵێنێت، پێ دەچیت کە هەر مەلاکان خۆیان دەرهێنەری ئەم پلان و کۆمێدیە بوبێتن، یان هێندە مەلاکان ترساندبویان، بە وەهم گوێی لە دەنگەدەنگ بوبێت، پاش ئەوەی کە کوڕەکەی ڕادەکاتو ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ کەسانی دەوروبەری، مەلاکان پێی دەڵێن کە گوایە ئەوە موفتییەو لە دۆزەخدا ئازاری دەدەن، بۆیە سەزەنشتی کوڕەکەی دەکەن کە هەموو ڕۆژێک بچێتە سەر گۆڕی باوکی و قورعان بخوێنێت هەتاوەکوو خوا لە گوناحەکانی خۆش ببێت، هەر ئەم ترسەش دەبێت کەوا لە کوڕەکەی دەکات کە ببێتە کەسێکی دینی و سەری بچێت و نوێژی نەچێت، لەروویەکی ترەوە ترسی ئەوەی کە ئەویش وەک باوکی ببێتە جێگای ڕقی مەلاکان و بەتەنیا بمێنێتەوە، درەپەرێز لە کۆمەڵگە. بەڵام نەنکم؛ هاوسەری موفتی، لەهەڵسوکەوتی کوڕەکەی نارازی دەبێت و هەتا کۆچی دوایی کرد دەیوت؛ کوڕەکەم دڵی دوژمنانی موفتی پێ خۆش کردین، بەوەی کەدەچو هەموو ڕۆژێک لەسەر گۆڕی باوکی قورعانی دەخوێند.

هەرچەندە نەنکم نوێژکەربوو بەڵام ئەو کارەی کوڕەکەی بە خیانەت دەزانی لە موفتی. هەروەها دایکم کە کچی موفتییە بۆ ڕیزگرتن لە باوکی، بە پێی وەسییەتی خۆی داوای کرد کە هیچ سێرەمۆنییەکی دینی بۆ نەکرێت، لە بری قورعان ئاوازی شمشاڵی قالە مەڕەی بۆ لێ بدەن.

ئەگەر دایکم سەتەها جار ئەم ڕووداوانەی بۆ دەگێڕاینەوە، بۆ ئەوە نەبووە کە تەنیا پێمان بڵێت لە سەردەمانێکدا ئازاریان چەشتوە، مەبەستی ئەوەبوو کە پێمان بڵێت ناهەقیەک کراوە بەرانبەر بە موفتی پێنجوێنی، کەسێکی نیشتمانپەروەر، تکایە با لەبیرتان نەچێتەوە.

ئەگەر لە سەردەمی موفتی خۆیدا ئەم باسە نەکراوەتەوە، لە سەردەمی منداڵەکانی موفتیش کە هەندێکیان لە ژیاندا نەماون، هەر باس نەکراوە، ئەوا نۆرەی جیلی ئێمەیە کە ئەم باسە نەشارینەوە.

بە پێی زانیارییەکان، چەند جارێک هەوڵی کوشتنی موفتی پێنجوێنی دراوە، بەڵام کەسانێکی نزیک لە موفتی کە موفتیان خۆشویستوە و ڕێزیان لێ گرتووە، توانیویانە بە نهێنی موفتی ئاگادار بکەنوە و بەو هۆیەوە وەک دایکم دەی گێڕایەوە سەردەمێک لە پێنجوێن دوردەکەوتەوە، تەنیا هاوسەرەکەی ئاگادار دەکردەوە لە شوێنی دورکەوتنەوەی، ئەو کەسانەی کە موفتیان ئاگادار دەکردەوە؛ ئەحمەد دادە ئایشێ، عەبدولی حاجی کەریمی شمقار،




حەمەی باخەوان، شێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمەدی نەمر، ئەم کەسایەتییانە ببوونە چاو و گوێی موفتی و ئاگادریان دەکردەوە کە چۆن خەڵکی باسی ئەو دەکەن یان کاتێک پلانی کوشتنیان بۆ موفتی دادەڕشت هەتاوەکوو دوربەکەوێتەوە لە پێنجوێن.

دوای کۆچی دوایی موفتی ژیان بۆ خێزانەکەی هەروا ئاسان نەبووە، نۆ سەر خێزانی لە دوای خۆی جێ هێشتوە، بەتایبەتیی کە کوڕەکانی لە تەمەنێکی گەنجیدابوون دوانزە سالو یانزە ساڵ، هەر چۆنێک بێت چونەتە سەر دوکانو توانیویانە بژێوی ژیانیان دابین بکەن، بەڵام خێزانی موفتی هەر بەچاوێکی نزم سەیر کراون، لە کاتی زەکات و خێر و قوربانیدا ماڵی مەلا کافر بێ بەش کراوە، ئەو کەسانەشی کە یارمەتییان داون بەدزیەوە یارمەتییان داون.

شێخ لەتیفیش کە موفتی زۆر خۆشویستوە، یارمەتیی کورە بچوکەکەی دەدا هەتاوەکوو بچێتە سلێمانی و لەوێ خوێندنی سەناعە بخوێنێت. هەرچۆنێک بێت دوو کچو کوڕێکی موفتی توانیان خوێندن تەوابکەنو یارمەتیی ئەوانی تر بدەنو بچنە سلێمانی، سلێمانی بۆ ئەوان ئەمەریکا بووە. بەڵام کچەکانی موفتی داواکاریان کەم بوو لەبەر ئەوەی کچی موستەشار وجاشو خیانەتکار نەبوون، کچی موفتی پێنجوێنی بوون.


هەرکەسە و پارچەیەکی ئەم چیرۆکەی لایە، مەلاکانو پلاندانەرانی کوشتنی موفتیش بە جۆرێکی تر باسی ئەم ڕووداوە دەکەن، بێ شک موفتیش لەسەر ئەم باسە چەند هۆنراوەیەکی نووسیوە، مەخابن هەر لە دوکانەکەیدا سووتاوە و نەگەشتنە بەرگوێمان.

کاتێکیش لە دایکمان دەپرسی بۆچی ناوی ڕابیعایە بۆ کەسێکی نیشتمانپەروەری وەک موفتی ناوێکی عەرەبی هەڵبژاردوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کچەکانی تری ناویان؛ گێلاس، لیمۆ، هەنار، بەهێ، حەپسەیە، لە وەڵامدا بۆی دەگێڕاینەوە کە موفتی سێ کچی دەبێت، هاوژینەکەی وەک هەموو دایکێک ئاواتی کوڕیک بووە، کاتێک کچی چوارەمیان دێتە دنیاوە مەلاکان پێشنیار بۆ خێزانی موفتی دەکەن کە ناوی بنێن ڕابیعە کە لە وشەی چوارەوە هاتووە، بەو پێیە کوڕی بەدوادا دێت، هەرچەندە موفتی لەسەرتاوە ڕازی نەبووە بەڵام بێ دڵی هاوژینەکەی نەکردووە و دوابڕیاری داوەتە دەست ئەو بۆ ناونانی کچی چوارەمی بە ڕابیعە.

لە سەردەمی موفتی خۆیدا کۆمەڵە هۆنراوەیەکی لە دیوانێکدا بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئەرکی خۆی، بەڵام پاش کۆچی دوایی، توانرا هەندێک لە هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامەی ژینی نوێیدا بدۆزرێتەوە بەڵام جێگەی داخە کە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی ونبوون.

کوردپیدیا



# دارا حەمە سەعی


## ئامادەکردنی بەختیار سەعید




- 1946 لە شاری سلێماني لەدایك بووە.
- 1969بەکالۆریۆسي لە ئەکادیمیای بەغدا بەشي پەیکەرسازی بە پلەی زۆرباشە و یەکەمي شێوەکاری بەدەستهێناووە.
- 1978 لیسانسی بە پلەی زۆرباشە لە ئەکادیمیای رۆما بەشی پەیکەرسازی بەدەستهێناووە.
- 1984 گەڕاوەتەوە کوردستان.
- 1993 ماجستێری لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.
- 1973 ریلیڤي دروشمی زانکۆی سلێماني بەبرۆنز بۆ یەکەمین جار.
- 1976 یەکەمین پیشانگەی تایبەت لەهۆڵي ناوەندی کوردستاني کزان.
- 1981 پێشانگەی ریلیڤ و مەدالیا بەبرۆنز بۆ یەکەمین جار لەعێراق لەهۆڵي رەواق.
- 1981 پێشانگەی ریلیڤ و مەدالیا بەبرۆنز بۆ یەکەمین جار لە سلێمانی لەهۆڵي مۆزەخانە.
- ئەندامي کۆمەڵەی شێوەکارانی عێراقە.
- ئەندامی هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی a.i.a.m الميدالين العالمية (سەنتەری رۆما).
- 1966- 2025 داڕێژەری زیاترلە (15) پەیکەرە لە (سلێمانی، هەولێر، بەغدا، پیرمام، بابڵ، هەڵەبجە) لەوانة یەکەري (پیرەمێرد، مەولەوی، گۆران، عیزەدین فەیزی، مام هەژار، گیو موکریاني، گادگرۆس، .......هتد).
- بەشداری بەنووسین کردووە لە زۆربەی گۆڤارو رۆژنامەکانداو بەشداری چەند شانۆگەرییەك بە پۆستەر لە سلێماني.
- خاوەنی چەندین خەڵاتی هونەرییە لە عێراق و ئیتاڵیا.
- ئێستاش مامۆستایە لە پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان.
- ئەندامی یەکێتي هونەرمەنداني کوردستانە














ХАЧАПУРНАЯ




# ڕووسوورەکانی مێژوو.کلاوڕۆژنەی نیشتیمان

بەهاری ساڵی ١٩٨٧ خاڵە بەکرم/بەکری خاڵە عەلی جوارتا/ نەقڵ کرا بۆ بنکەی گومرکی قەندیل ئێمەش ئەم ناوانە لەگەڵیا ڕۆیشتین ......١/خاڵە عەتار ،٢/جەلال سنکەیی ٣/ دڵشاد/رەشاد/ ٤/نەمر کاکە ئالان عەلی پورزام ،٥/کاوە مەجید ٦/بکر سەعید، ٧/محەمەد سەعید ،٨/خۆم رزگار, ،لەشانەخسێ و دەشتی مەروێ ،ئینجا لەئاڵوەت سەر سنوری ناوجەی بانە تۆیۆتایەکمان بەکرێ گرد کەل و پەلمان تێکرد بەرەو سەردەشت ،کەوتینە ڕێ، هەوا گەرم بوو ڕێگەش تۆزێکی ووردی خنکێنەری هەبوو ،لەپشتی پیرە تۆیۆتایە نەرمە گۆرانی و گاڵتەو گەپ و تۆز هەڵمژین ،جار جارەش دیمەنێکی جوانی شاخ و دەشت و دەر هەموو باسێکی پێ دەبرین ،ماوەیەک رۆیشتین سەیارە وەستا لە دێیەک ووتیان دابەزن با پشوویەک بەین ،تۆزی سەیارە ئەهاتەوە بەسەرمانا ،رەنگی تۆزمان گرتبوو قورگ ووشک و ماندوو هێندە/ با/ لێی دابووین کاس بووین ،هاتینە خوار ،دوکانێکی لێبوو هەموو ساردی پسکیتیان داوا کرد من سەرم خستەبەر ئاوەکە ،کەترومپایەک بوو لەبەر دەم دوکانەکە ،بانگیان کردم وەرە ساردی /نوشابە / و پسکیت بخۆ ،بەڵام پارەم هیج پێ نەبوو کەسیش نەیدەزانی ،ووتم ناخۆم برسیم نی یە، تینوویێتیشم بەس بەئاو ئەشکێت ،هەرجەندیان کرد هیج ملم نەدا ،سوپاس هیج ناخۆم .

لەوێ بەرێکەوتین لەناو سەیارەکەدا هەندێ قسە هات و ڕۆیشت ، کەوتینەوە سەر ووردە گاڵتەو ووردە گۆرانی سەیارەش ئەرواو تۆز ئەکات جار جار سەیارەیەکی پاسدار پێشمان ئەکەوت هەموو تۆزی ئەو ناوەی ئەکرد بەسەرمانا .

لەدێیەکی تر لامان دا ،هەموو ساردی و بسکیتیان داوا کرد من هەر سەرم شت و ئاوم خواردەوە وەک جاری پێشوو ./ پارەم پێ نەبوو/ رووم نەئەهات بەکەسیش بڵێم

سەیارە ڕۆیشت دیسان کەوتینەوە رێ تا گەیشتینە سەردەشت، ئیتر بەزمەکە گۆرا ئەبێ بجینە هوتێل و پارەت ئەوێت ،هەر جاوەزیتەم بوو ،زۆر پێ نەجوو چەلال سنکەیی جیابۆوە شوێنی کەوتم ،یەکسەر پێم ووت پارەم پێ نییە /تازە دەمانجەکەی فرۆشت بوو بە ٧٠٠ دینار مۆڵ بوو/ووتی ئەوە بۆیە ساردی پسکیتت نەخوارد ،نەختێ قسەی پێ ووتم ،ووتی جەندت پێویستە هەزار تمەنم لێسەند ،ئینجا برۆ بخۆ نان و کەباب و بۆ حەقی ئوتێل و......... هەزار تمەن زۆر بوو بەتایبەت بۆ ئەو بێ پارەییە و بۆ ئەو کات و ساتە وەختە ،ئیتر ئەو شەوە لەسەردەشت ماینەوە رۆژی دوایی بەرەو قەندیل و /گومرگ/ مقەرمان دانا لێرەو لەوێ دوایی ماوەیەکی زۆر،ساردو سەرما هات ڕێی قەندیل و هات و جۆ نەما ،گومرگیش نەما، کەوتینە مقەری علاقاتی یەکێتی ،لەئاڵوەتان ،کاک ئازاد سەرسپی کۆیی لێپرسراوی مقەر بوو ،خاڵە بەکرم جێگری ،ئێمەش نزیکی دە پێشمەرگەیەک بووین لەگەڵیاندا ، پارەی جەلالم نەداوەتەوە ،کە پێشم ئەوت ئەیوت ئاساییە بۆ خۆت هی ترت ناوێت .ماڵێ ئاوا بێت بەڵام خۆ هەر دەبێت بدرێتەوە

رۆژێک خاڵە بەکر بانگی کرتم ووتی رزگار کاک ووریای سەعاتی/رەحمەتی/ ئەندامی سەرکردایەتی پارتی گەل بوو/ سەد دۆلاری لە نەمساوە لە دڵشادی براتەوە بۆ هێناوی کردوویەتی بەتمەن دوانزە هەزارو جوار سەد تمەنی کردووە ئەوەتا با بدەمێ، یەکسەر لێم وەرگرت جووم بۆ لای چەلال سنکێی بانگم کرد هەر بە پەنجە ،ووتم کورە وەرە پێکەنی ووتی جییە ،ووتم ئەم هەموو منەتە جییە هەزار تمەنی /ح..../ ئەوە ئەهێنێ دەستی کرد بە پێکەنین ووتی رزگار زۆر مسەیتەر ئەتبینم خێرە ،باسەکەم بۆ گێرایەوە بوو بە پێکەنین ،بەزۆر پارەکەم دایەوە یادی ئەو رۆژگارە بەخێر.

رەسمەکە خاڵە بەکر خۆم بەکر کاوە دڵشاد محەمەد


.....................

**ڕزگارەسوور**



تۆ ئەزانی ئێمە قەرزاری یەکترین
من قەرزاری
ژوانێکو کوپێ قاوەو ماچێکی تۆم
تۆش قەرزاری
سلاوێکو پێکێ شەرابو ئاوێزانێکی
من قەرزاری
نوکتەیەکو شعرێکی تۆم
تۆش قەرزاری زەردەخەنە و قاقایەکی
قوڵ قوڵی
من قەرزاری
تێرامانو سەرنجێکی سیحراو ی تۆم
تۆش قەرزاری
نیگایەکو چرپەیەکی پرلەشەرمی

**.......ئومێد شێخ کریم.......**



# زەعیم سدیق ئەو ئەفسەرە دڕندەیەی؛ کە کوشتارگەکەی 09-06-1963ی شاری سلێمانی ئەنجامدا

نووسینی: سەرچڵ یونس کوردپیدیا

زەعیم سدیق (ئامر لیوا)ی بیستی ڕژێمەکەی عەبدولسەلام عارف، پاش شکستیان لە گرتنی شاخی گۆیژە نزیک شاری سلێمانی لە ڕۆژی 8ی حوزەیران، پاش ڕۆژێک لەو شکستە واتە لە 9ی حوزەیران لەناو شار (مەنعەتەجەول)ی ڕاگەیاند بە سەدان کەسی مەدەنی کوشت، پاش قەتڵوعامی سلێمانی بەردەوام بوو لە خوێنڕشتن تا شاری هەڵەبجە نەوەستا و بە دەیان کەسی کوشت لە گوندی سیارەی نزیک دەربەندیخان.

هەروەها لە شاری سەیدسادقیش بەدەر نەبوو لە کوشتنی مەددەنی، پێشمەرگە لە پردی زەڵم بەرگرییەکی بێوێنەیان کرد توانیان بۆ ماوەیەک هێرشەکەی بۆ سەر هەڵەبجە بوەسێنێت بە خوێنی 12 شەهید کە یەکێک لەوانە شەهید حەمە گوڵپی بوو کە بەخنجەر پەلاماری دەبابەی دا، دوای شکانی پیشمەرگە بۆ خورماڵ و بیارە، زەعیم سدیق گوندەکانی گوێ چەمی زەڵم دایە بەرتۆپ و سووتاندنی، چەندین کەسی مەدەنی کوشت، دوواتر چووە ناو هەڵەبجە ناوبازاڕی سووتاند و دارەکانی باخی میری مێژووی بڕی گوایە پێشمەرگە لەوێوە دێن چالاکی دەکەن، بەوەشەوە نەوەستا مەلاعابید عەبابەیلێ کە پێشمەرگە بوو بەدیلگرتیان دوواتر شەهیدیان کرد، لە دارەکەی سەرا و دوواتر و ڕەئوفی براییشیان شەهید کرد.

زەعیم سدیق مستەفا، یەکێک بووە لە ئەفسەرە خوێنڕێژەکانی ئێراق کە لەدایک بووی شاری موسڵ بوو. هەروەها بەشدارییەکی کارای کرد لە کۆدێتاکەی چواردەی تەموز، دکتۆر مستەفا زەڵمی لە کاروانی ژیان باسی دڕەندەیی دەکات و دەڵێت: کاتێک ئیمام تابووری سوپا بووم لە جەلەولا لە ساڵی 1957 خانویەکیان پێدام بەڵام زەعیم سدیق دەستی بەسەردا گرت دواتر شکاتم لێ کرد بۆی گەڕاندمەوە.

بەڵام بەداخەوە کورد نەیتوانی فرسەت وەربگرێت لە پاش ڕاپەڕینەکەی ساڵی 1991 ، پاش ئازادکردنی ئێراق ساڵی 2003، بەدوواداچونی بۆ بکەن بگەڕێن بەدوایدا تۆڵەی لێبکەنەوە، وەک چۆن جوویەکان سەدان ملیۆن دۆلار سەرف دەکەن تا سەربازێکی نازی دەدۆزنەوە لەوپەڕی دنیاش بێت تۆڵەی خۆیان دەکەنەوە، ئەگەر مێژووی کورد بنووسیتەوە ئەوا زەعیم سدیق پانتاییەکی گەورە لە مێژووی کوردا داگیر دەکات بەڵام وەک دڕندە نەوەک شانازی.



# گوندێکی ژێرزەمینیی


گوندێکی ژێرزەمینیی کوردی دۆزراوەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش لافاوەکەی( نوح پەیامبەر)،واتە نزیکەی بیست هەزار ساڵ پێش ئێستا.

شوێنەوارناسەکان ئەوەیان پشتڕاست کردۆتەوە کە ئەو گوندە کوردەوارییە لە ئەشکەوتێکدا لە نێو یەکێک لە چیاکانی زاگرۆسدا دروستکراوە کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئێرانەوە واتە ڕۆژهەلاتی کوردستانی داگیرکراوەوە.

یەکێک لەشوێنەوارناسەکان پێی وایە ئەو گوندە لەژێر زەویدا دروستکراوە بەهۆی سەختی کەشوهەوای سەر زەوی ئەوسەردەمەوە کە پلەکانی گەرما لەڕادەبەدەر بەرزببونەوە. ئەمەش خەڵکی کوردستانی ناچار کردبو کەلەژێر زەویدا ژیان بەسەربەرن بۆ ئەوەی لە و پلەگەرما کوشندەیە ڕزگاریان بێت. لەنێو ئەشکەوتەکەدا باخچەیەک هەبو کە تیشکی خۆریان لە دەرگایەکی سەقفی ئەشکەوتەکەوە بۆڕاکێشابو، جگەلەوە لەنێو ئەشکەوتەکەدا ژمارەیەک کانیاویش هەبوون کە دانیشتوان و ڕووەکەکانی ناو ئەشکەوتەکە سودیان لێ وەردەگرت.

زاناکان ڕایانگەیاندووە کە شارەکە زۆر پێشکەوتوبووە، هەروەها ئەشکەوتەکە بە بەکارهێنانی ئامێری زۆر ئاڵۆز گەورە کراوە. هەندێک بینایان لەناو بەردەکاندا هەڵکەندووە، هەندێکی تریش لە بەردی بڕاو لە دیوارەکانەوە دروستکرابوون. کارخان توێژەری شوێنەواری ئاماژەی بەوەدا کە دۆزینەوەی ئەم گوندە گەنجینەیەکی بێهاوتای کوردە، ئەمەش دەرخەری ڕادەی گەشەسەندنی شارستانیەتی کۆنی کوردە. سەبارەت بە نووسینە کوردییەکانی ناو ئەشکەوتەکە، مشتومڕێکی زۆری لای زانایان دروستکردووە، بەو پێیەی نووسینەکە بەسەر دوو بەشدا دابەشکراوە: (هیرۆگلیفی و وێنەیی). بەشەکەی تریش بە واتایەکی ڕەسەنە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گوندەکە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ دانیشتوانەکەی تیدا دەژیا تا پلەی گەرمی لەسەر ڕووی زەوی دابەزیوە و لەئاسایی نزیک بووەتەوە . دوای ئەوە گوندەکەیان جێهێشتووە. نووسینی ڕستەیی جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ نووسینی کوردیی مۆدێرن هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کورد بە درێژایی هەزاران ساڵ لە دۆخێکی گەشەسەندنی گەورە و بەردەوامدا بووە. (گۆری میسیک) زانای شوێنەوارناس دەڵێت، پیتە کوردیەکان جارێکی دیکە دەیسەلمێنن کە ڕێنووسی عەرەبی لە زمانی کوردییەوە وەرگیراوە، تەنانەت ئەگەر جیاوازییەکی کەمیش لە نووسینەکەدا هەبێت. ئەمەش لە لایەن توێژەری شوێنەوارناس(دینۆ شارۆشەوە) پشتڕاستکراوەتەوە، کە دەڵێت زۆربەی زمانەکانی ڕۆژهەلات لە زمانی کوردییەوە وەرگیراون. ئەمەش بە لێکچوونی گەورەی زمانی قورئان پێش خاڵبەندی و نووسینی کوردیش پشتڕاست کردۆتەوە. زانایان پێیان وایە ڕەنگە گوندی دیکەی کوردی لە هەمان سەردەمدا لەناوچەکەدا هەبووبێت و تا ئێستاش لێکۆڵینەوەکان هەر بەردەوامن. زانا (سێکۆ بیسان) باسی لەوە کردووە کە هەموو ڕۆژێک شارستانیەتێکی نوێی کوردی دەدۆزینەوە کە جیهان تووشی سەرسوڕمان دەکات و پرۆفیسۆر( گیری گارانیش) (MNS)هەمان بابەتی پشتڕاست کردۆتەوە. ...

لە بورهان مستەفا تۆفیق وەرگیراوە



## شوقەکانی شاری زەیتون



**شوقەکانی شاری زەیتون** زۆرترین گرنگی بە وردەکاری داوە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دانیشتووانی پرۆژەکە ئەزموونی ژینگەیەکی ژیانی ئاسوودە و پێشکەوتوو دەکەن هەر لە کەرەستەی بیناسازی بەکارهاتووەوە تا دیزاینی ناوەوە

**شقق شاري زيتون** تهتم بأدق التفاصيل لضمان بيئة حياة سعيدة و متطورة لسكان المشروع، ابتداء من المواد المستخدمة في البناء الى التصاميم الداخلية

| رووبەری گشتی | رووبەری سەوزایی | ژمارەی یەکەکان |
|---|---|---|
| 70,930m² | 22,840m² | 720 |

**شاری شاد** وا بڕیارە ببێتە کۆمەڵگەیەکی گەشەسەندوو کە وەک هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە نییە. نەخشەکەی بە وردی دیزاینکراوە ، کە دڵنیای دەدات لە کۆمەڵێک بژاردەی خانووبەرەی جۆراوجۆر

**شاري شاد** سيصبح مجمعا متطورا لا مثيل له من المجمعات الاخرى، الخرائط صممت بدقة متناهية، والتي تضمن مجموعة من البيوت المتنوعة



## شـاری شـاد

| رووبەری گشتی | رووبەری سەوزایی | ژمارەی یەکەکان |
|---|---|---|
| 394,924m² | 99,249m² | 875 |



## شوقەکانی چوار چرای نوێ

پرۆژەی نیشتەجێ بونی چـوارچرای نـوێ شـانازیی دەکـات بە پەردەلادان لەسـەر نوێترین پرۆژەی خۆی **شوقەکانی C&D** ئەم گەشەسەندنە ناوازەیە دەرئەنجامی پرۆسەیەکی وردە کە بە هەماهەنگی لە نێوان تەلارساز و ئەندازیار و گەشەپێدەران ئەنجامدراوە

بفخر تكشف جوار جرا نوي عن احدث مشاريعها ، و هم ابراج **شقق C&D** ان هذا التطور الاستثنائي ناتج عن عملية دقيقة تضمنت تعاونا كبيرا بين المهندسين المعماريين و المهندسين و المطورين

| رووبەری گشتی | رووبەری سەوزایی | ژمارەی یەکەکان |
|---|---|---|
| 672,850m² | 194,500m² | 630 |

YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sharazwri@gmail.com
009647701961087

Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018

sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703